# ڕووداوی فانتازی لە هەردوو ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان و دەغدودا

ئازاد محمد سعید [1] محمد أمین عبد الله تاتانی [2]

[1] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

چەمک وپێناسەی ڕووداوی فانتازی ورووداو بە گشتی لەسەرتاو ناوەڕاست وکۆتایی پێکهاتووە، چوار جۆرە، ڕووداوی زنجیرەیی ونۆبەتی وتێکچڕژاو وبازنەیی. ڕووداوی فانتازی سەرسامی و ڕاڕایی تێدایە وڕووداوەکانی دەرئاسایە، ئەوەی خوێنەر دەیخوێنێتەوە باوەڕی پێناکات توشی ڕاڕایی دەبێت لەوەی دەیبینێت ڕاستە یان خەونە یان زیندە خەونە! ماوەی ڕاڕاییەکە، ڕووداوی فانتازییە ڕووداوێك ڕوودەدات و ناتوانرێت بە یاساکانی جیهانە مەئلوفەکە لێك بدرێنەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ئەدەبدا بابەتەکانی فانتازیا لە هیچ کات وشوێنێکدا بەدی نایەن، چونکە فانتازیا تێپەڕاندنێکی ئاشکرای هەموو سنورەکانی کات و شوێنە ڕووداوی فانتازی لە هەردوو ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکانی" بەختیار عەلی" و "دەغدوی" " خوسرەو جاف"دا پێکهاتووە لە دوو تەوەر، یەکەمیان لە ڕووی تیۆرییەوە باس لە ڕووداو و جۆرەکانی ڕووداو و ڕووداوی فانتازی کراوە، لەتەوەرەی دووەمدا ڕووداوی فانتازی لەهەردوو ڕۆمانەکەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی بەرجەستەکراوە. لەگرنگترین ڕووداوەکانی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان بریتییە لە بە چۆکدادانی سامیری بابلی ئەفسەرە سەرسەخت وخوێنڕێژەکەی ڕژێم بە ئاوازی فلوتەکەی جەلادەتی کۆتر، هەروەها ڕووداوی سێ جار مردنی جەلادەتی کۆتر و زیندوو بوونەوەی، ڕووداوی فڕینی جەلادەت بۆ ئاسمانەکان وهێنانەوەی هەواڵی ئەنفالکراوەکان بۆ کەس وکاریان، هەروەها ڕووداوی زیندە بەچاڵ کردنی دالیا سیراجەدین لە شەوێکی بەفر وباراناویدا لەشاخەکاندا ودۆزرانەوەو دەربازکردنی لەلایەن کۆمەڵێک دزو قاچاغچی ورەوانەکردنی بۆ بەغدا، لە گرنگترین ڕووداوە فانتازیاکانی ڕۆمانی دەغدو بریتییە لە ڕووداوی دۆزینەوەی شوێنی دیکتاتۆری عێراق "سەدام حسێن" و کوڕەکانی و ڕادەست کردنیان، لە لایەن سەنگەرەوە بە هۆی زانیارییەکانی دەغدووەوە، هەروەها ڕووداوی ئاگادار کردنەوەی سەنگەر بەر لە تەقینەوەی باڵەخانەکە، بە بەهانەی کڕینی لەفە لەلایەن سەنگەرەوە بۆ تەحسینی هاوڕێیی، هەروەها ڕووداوی ئاشکراکردنی شوێنی تەوڕات و دوو مۆم لە بەسرە و ڕووداوی دۆزینەوەی "گوارە" کە کچە پوری سەنگەرە لە فەرەنسا لەلایەن دەغدووەوە بۆ سەنگەر، کە دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی ئەمریکییەکان، بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بەشی دووەم بە ئەنجام دەگات.

**وشە سەرەکییەکان:** دەغدو، ڕۆمان، شاری مۆسیقارە سپییەکان، فانتازیا، فلوت

## ١. پێشەکی

ڕووداو وەك یەكێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی ڕۆمان دەردەکەوێت، پێکدێت لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی، پێویستە ڕووداو لە ڕۆماندا بە ڕێچکە ئاساییەکەی خۆیدا تێپەڕێت، بەڵام لە ڕۆمانی فانتازیدا ڕووداو بەم شێوەیەی ڕۆمانەکانی تر کت ومت دەرناکەوێت، چونکە لە ڕۆمانی فانتازیدا بەشێك لە ڕووداوەکانی فانتازیین، بەشێوەیەکی واقیعی دەرناکەوێت، ئەگەر بەشێوەیەکی واقیعی دەربکەوێت ئەو کاتە ئەو ڕۆمانە ڕۆمانێکی فانتازی نییە. دیارە لە ڕووداوی فانتازیدا پێویستییەکی ژیارییە دەبێت خوێنەر توشی ڕاڕایی ببێت، ماوەی خایەنراوی ڕاڕاییەکە لە ڕووداوەکەدا فانتازیا دروست دەبێت. تزفتیان تۆدۆرۆف وەك ڕابەرێکی دیارو ناسراوی بواری فانتازیا و کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی "دەروازەیەك بۆ ئەدەبی فانتازیا"کە بەزمانی فەڕەنسی نووسیویەتی "صدیق بو علام" کاری وەرگێڕانی بۆ کردووە بۆ سەر زمانی عەرەبی، گشت بنەما هونەرییەکانی فانتازیای خستوەتە ڕوو بەتایبەتی ڕووداوی فانتازیاو چۆنییەتی دروست بوونی فانتازیا. ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە دوو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم پێناسە و چەمکی ڕووداو، تەوەرەی دووەم بریتییە لە ڕووداو لە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٠ کانوونی یەکەم ٢٠١٩؛ پەسەندکردن: ٢٦ حوزەیران ٢٠١٩
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: azad.mohammed@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ ئازاد محمد سعید، محمد أمین عبداللە تاتانی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp38-52

هەردوو ڕۆمانەکە، بە ئەنجام و کورتەیەك بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی پێ دێت.

## ٢. پێناسەو چەمکی ڕووداوی فانتازی:

ڕووداو ئەو بەسەرهاتەیە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بەسەر کەسێتییەکان دێت، ڕووداو پێکهاتووە لە سەرەتا و و ناوەڕۆك و کۆتایی. هەروەها گرێ لە ڕووداودا چەندە درێژە بکێشێ لە گەیشتن بە چارەسەر، ئەوەندە زیاتر چێژ و خۆشی بە خوێنەر یان بیسەر دەگەیەنێت، دواتر گرێیەکە چارەسەر دەبێت بە خۆشی یان ناخۆشی بەرە بەرە گرێیەکە بەرەو خاو بوونەوە دەڕوات . "لە تراجیدیادا، نووسەرەکان هەمیشە ناوی کەسانی ڕاستەقینە بەکاردێن، هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو شتە بشێ ڕووبدات، بڕوای پێ دەکرێ، بەڵام شتێ ڕووی نەدابێ ناتوانین دڵنیا بین کە ئەو شتە دەشێ ڕووبدات. ئاشکرایە ئەوەی ڕووی دابێ دەشێ ڕووبدا، چونکە ئەگەر وا نەبوایە، ڕووی نەدەدا(تالیس، ٢٠٠٤، ٣٨) بەهاو گرنگی ڕووداو لە ڕۆماندا بەگوێرەی ناوبانگی قێزەونی یاخود سادەیی و ئاڵۆزی ڕووداوەکە نییە، بەڵکو بەگوێرەی چۆنێتی مامەڵە کردن و بەکارهێنانی هونەریانەی ڕووداوەکەو بەستنەوەی بە توخمە پێکهێنەرەکانی دیکەی ڕۆمان لەلایەن ڕۆمانووسەوە بەهاکەی دەخاتە ڕوو، چونکە پەیوەندی نێوان توخمەکانی ڕۆمان "کات-شوێن-ڕووداو-کارەکتەر-زمان" پەیوەندییەکی تەواوکارییە." (مستەفا، ٢٠١٠، ١٥) گرنگی ڕووداو بە گوێرەی سادەیی و ئاڵۆزی نییە، بەهای ڕووداو لەسەر نووسەر دەوەستێت تا چەند ڕەگەزەکانی دیکە بەیەکەوە گرێدەدات، وەکو کەسێتیی، شوێن، کات، وەسف .

ئەرستۆ کاتێك باسی تراجیدیا دەکات دەڵێت: "تراجیدیا لاسایی کردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاسایی کردنەوەی کردەوەو ژیان و بەختەوەوەری و بەدبەختییە..کەواتە تراجیدی بۆ ئەوە پێشکەش ناکرێ لاسای کەسێتی بکاتەوە، بەڵکو کەسێتی لە پێناوی کردەوەکەدا بەگەڕ دەخرێ."(تالیس، ٢٠٠، ٢٩) هەر یەك لە کەسێتیەکان لە خزمەت ڕووداودا دەبن بە هۆکارێك بۆ بەردەوام بوونی ڕووداو. مرۆڤ ئەوەی لە چوارچێوەی داب و نەریتدایە هەڵس و کەوتی ئاسایی لەگەڵدا دەکات بەڵام ئەوەی لە دەرەوەی چوارچێوەی داب و نەریتە توشی سەرسوڕمانی دەکات هەڵس و کەوتی ئاسایی لەگەڵدا ناکات. "هەردوو نووسەری بەتوانای فانتازیای جیهانی هۆفمان "Hoffmann"ی ئەڵمانی و ئەدگار ئالان پۆی ئەمریکی، هۆفمان جەخت لەوێناکردنی ڕووداوە بینراوە فانتازیاییەکان دەکاتەوە لە چوار چێوەی واقیعدا، وێنەی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە لە هەردوو جیهانی ڕووت "مجرد"...هۆکارێکە بۆ وێناکردنی تەنگژە ڕۆحیی و دەروونییەکان "(عزام، ٢٠٠٣، ٢١) لە نووسەرە بەتواناکانی فانتازیا هۆڤمانی ئەڵمانی و ئەدگار ئالان پۆی ئەمریکی وێنەی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە لە هەردوو هێزی ماددی و میسالی ڕووت هۆکارێکن لە وێناکردنی تەنگژە ڕۆحی و دەروونییەکان .

پێکهاتەی ڕووداوی لە ڕووی ئۆرگانییەوە بریتیە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی، هەندێکجار بە زنجیرە ئاساییەکەی خۆی تێپەڕنابێت لە کۆتاییەوە بۆ ناوەڕاست و سەرەتا دێت"ڕووداو "کردارێکە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیە"یان زنجیرەیەك " ڕاستی واقیع"ن لە ڕووی ئۆرگانییەوە پەیوەندیدارن بەیەکەوە و لە ڕێی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەکەوە خۆیان دەنوێن، یان بە پێی ئەو چەمکەی کە "ڕۆڵان بارت-١٩١٥- ١٩٨٠"بۆی داڕشتووە" بریتییە لە کۆمەڵێك ئەرکی کارتێکراو لە لایەن هۆکارێك یان چەند هۆکارێکی تایبەتەوە"(محەمەد، ٢٠٠٩، ١٣) هەرسێ پێکهاتەکەی ڕووداو بە شێوەیەکی ڕاست و ئۆرگانی بەیەکەوە بەستراون. "ڕووداو توخمێکی هونەری گرنگی بنیاتە، بەڵکو دەکرێ بڵێین"بڕبڕەی پشتی" هەر یەك لە توخمەکانی کات-شوێن-کارەکتەر و زمانە، بەڵام چۆنێتی ڕێکخستن لە گێڕانەوەی ئەم توخمانەو ئاوێتە کردنیان لەناو یەکتری بە پێی سەردەم دەگۆڕێت. لەبەر ئەوەی هەر سەردەمێك هەڵگری بیرو فەلسەفەی تایبەتی خۆیەتی لە وێناکردنی ئەم توخمانە و لە چۆنییەتی خستنە ڕوویان." (مستەفا، ٢٠١٠، ١٥) ڕووداو بە بڕبڕەی پشتی ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمان دادەنرێت، بە پێی سەردەم دەگۆڕێت. ئەوانەی کار لە بواری فانتازیا دەکەن ڕایان وایە "دەربڕینی قوڵترین پێداویستییەکان و تاریکترین و کاریگەرترین ترسەکان و ڕوونترین ئاسۆمان بۆ دردەخەن"(محمدی، ١٣٧٨، ١٣٥) بۆیە ئەم ڕووداوانە لە جەرگەی واقیعەوە وەرگیراون، لە ناو ناخی تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە، بە شێوەیەکی شاراوەو پەراوێزخراو .

دەشێ هەردوو ڕووداوی سروشتی و سەروو سروشتی فانتازیا دروست بکەن، لە یەکەمیاندا کاتێك دیاردەیەکی سروشتی ڕوودەدات بۆ نموونە زەوی لەرزە کەسێك بۆ جاری یەکەم ئەم دیمەنە دەبینێت توشی ڕاڕایی دەبێت، لەوەی دەیبینێت لە ڕمان و تێکشکانی خانوو کەل و پەل، کە لە پێشتردا نەی بینیوە "ئەگەر فانتازیا ڕووداویکی کردەی خودا بیت و سروشت تێپەڕێنێت، ئەوەی ڕوودەدات سەروو سروشتی زانراو یان دیاریکراوەو دژی نییە لەکاتیکی دیاریکراو و سروشتیدا ڕوودەدات، تەنها خوای گەورەیە کە لەتوانایدایە، لە سروشتدا و لەوانەی کە خۆی دەستنیشانیان دەکات دروستیان بکات" (علاوي، ٢٠١٣، ٢٠) هەر کارێکی سەروو سروشتی کە کردەی خودا بێت، کەس بەرەنگاری نابێتەوە، وەکو کارەساتە سروشتییەکان، بەڵام ڕووداوە سەروو سروشتییەکان کە لە پێشتردا لە مەزندەو بیرکردنەوەی مرۆڤدا نییە، ڕاڕایی دروست دەکەن کە مەرجێکی سەرەکی فانتازیایە . "تۆدۆرۆف درك بەوە دەکات کە ڕووداوی سەروو سروشتی لە ناوەڕۆکیدا هەڵگری زانیاری سەیر وسەمەرەیە، لە زانیاری ناسراوەوە وەرگیراوە، بەڵام جەخت لە هێنانەوەی بەڵگە دەکاتەوە" (حليفي، ٢٠٠٩، ٣٢) تۆدۆرۆف کە بەدامەزرێنەرو داهێنەری خاسیەتە گرنگەکانی فانتازیا دادەنرێت پێی وایە ڕووداوی سەروسروشتی هەڵگری واتای سەیرو سەمەرەیە، بۆ هەر بڕگەیەکی ڕووداوی فانتازیایی پێویستی بە هێنانەوەی بەڵگە هەیە ئەگینا بێ باوەڕکردن فانتازیا دروست نابێت. کاریگەری زمانی دەربڕین لە فانتازیادا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بە هۆی ئەوەی لە ڕووداوی فانتازیادا هەرهەرگرییەك یان دەربڕینێك کە مەزندە و ئەگەر لەوانەی، تێبکەوێت لە ئاستی ڕووداوە فانتازیاکە کەم دەکاتەوە "خۆ بەدوورخستن لە بەکارهێنانی ڕستەو واتای مەرجی لە دەقی فانتازیادا"(محەمەدی، ١٣٧٨، ١٤٣) هەر لەبەر ئەوەیە لەکاتی بەرجەستەکردنی ڕووداوی فانتازیدا پێویستە نووسەر لە وشەی مەرجی وەکو، ئەگەر، لەوانەیە هتد.. دوور بکەوێتەوە لەبری ئەوە بە ڕەهایی و ڕاشکاوانە ڕووداوەکە بخاتە ڕوو، هەر بەکار هێنانێکی لەو جۆرە ئاستی متمانە لە ڕووداوەکە کەم دەکاتەوە. هەر ڕووداوێك لە ڕۆماندا دەبێتە کەرەستەی گێڕانەوە "ڕووداو ئەو توخمەیە کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیات دەنرێ لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کارەکتەرەکان لە چوار چێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا، ئەم ڕووبەڕوو بوونەوانەش لەڕێی هۆ و هۆکارە و لە بەدواهاتنێکی ڕێك و پێکدا یاخود بە شێوەیەکی تێکشکێنراو بەبێ ڕەچاوکردنی هۆ و هۆکار دەخرێنە ڕوو " بەم پێیە هەموو ڕووداوێکی "ڕۆمان- چیرۆك" مەبەستێکی تایبەتی لەدوایە کە ڕەنگدانەوەی بیری نووسەر دیاری دەکات" (مستەفا، ٢٠١٠، ١٩) گێڕانەوە بە هۆی پرۆسەی ڕووداوەوە بنیات دەنرێت، کارەکتەرەکان لە کات و

شوێنێکی دیاریکراودا ڕووبەڕووی یەك دەبنەوە، لە هەمان کاتدا بیری نووسەر ڕەنگدانەوەی دەبێت. "ئەمە لە مەترسییەکانی ئاستی یەکەمە کە فانتازیا توشی دەبێت، هەمان ئاستە کە خوێنەری بە وێژدان بڕیار لەسەر ڕووداوە پەخشکراوەکان دەدات، یان شیکردنەوەیەکی ڕاستگۆیانەی بۆ دەکات ئەو کاتە لە سەرسوڕمانەوە بۆ سەیروسەمەرە دەچێت یان ڕازی دەبێت بەوەی کە هەیە، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین بۆ سەرسوڕمان دەچێت، بەڵام لەسەر ئاستی دووەمدا کە تیایدا خوێنەری ڕاستەقینە لە سروشتی دەقەکە دەپرسێت کە ڕووداوەکەی تێدا لە دایك بووە، لێرەدا سەرسوڕمان بە هەڕەشە کردن لە بووندا دەبینرێت لە هەردوو ڕەگەزە لە یەك نزیکەکەدا: شیعری و ئەلیگۆری، بە پێی بۆچوونی تۆدۆرۆف، ئەم مەترسییە لەسەر ئاستی لێکدانەوەی دەقەکەدا دەردەکەوێت" (علاوي، ٢٠٠٥، ٤٧) فانتازیا لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەی کە لە خۆی نزیکن توشی تێکەڵاو بوون و مەترسی بە هەڵەداچوون دەبێتەوە، بەڵام ئەم تێکەڵاوبوونە خوێنەری لێهاتوو یەکلای دەکاتەوە بە لەیەك جیاکردنەوەو ناسینەوەی هەر یەکەیان بە هۆی زانینی بنەما هونەرییەکانی هەر یەکەیان.

کاتە ڕاراییەکە هەرچەندە کورت بێت یان بخایەنێت ئەوە فانتازیایە تۆدۆرۆف دەڵێت: "ئەدەبی فانتازیا تەنها کاتێکی سەرلێشێواو و ڕاراییە لە ژیانی کەسێتییدا، کاتێك ڕووداوەکە دێتە پێشەوە لە یەکەمین تێڕوانینیدا وەکو دیاردەیەکی مەحاڵ دەبینرێت" (حليفي، ٢٠٠٩، ٣٣) واتە ڕووداوی فانتازی کاتێك ڕوودەدات، وەك دیاردەیەکی مەحاڵ دەبینرێت و بڕوا پێنەکراوە بەڵام گێڕانەوە ڕۆڵی هەیە، کات و ساتی دەستپێکردنی فانتازیا سەرەتای دەرکەوتنی سەرسوڕمانە .

لە فانتازیادا ڕووداو هەرچەندە ڕۆبچێتە ناو فانتازیاوە هەردەبێت بە ڕاستی وەربگیرێت "لە میانەی گێڕانەوەکەی ئەوەوە نەك هەر شیمانەی هەبوونی درۆ لە ئارادا نەبێت، بەڵکو پێویستە تەنها یەك شیمانە لە ئارادا بێت، ئەویش شیمانەی ڕاستێتیی ڕووداوەکان وبابەتەکانە"(تاتانی، ٢٠١٥، ٥) بۆیە ڕاستی وپشت بەستن بە ڕاستی پرەنسیپێکە پێویستە لە گێڕانەوەدا بوونی هەبێت، ئەگەر شیمانەی بەڕاستی نەمێنێت باباتەکە گرنگی فانتازیایی خۆی لەدەست دەدات.

بەراوردێك لە نێوان عەقلانییەت و سەروو سروشتیدا، فانتازیا دەکەوێتە ڕادەی فەراهام بوونی مەرجەکانی فانتازی"سروشتی ڕووداوی ناو چیرۆکە فانتازیاکە خۆی دەسەپێنێت لە ڕاڤە کردندا، تیمەکان و ڕاددەی فەراهام بوونی مەرجەکانی فانتازیا ئاراستەکەی دیاری دەکەن ئایا ڕووداوەکە عەقلانییە یان بەرەو سەروو سروشتییە" (حليفي، ٢٠٠٩، ١١٣) لەسەر سروشتی ڕووداوەکە دەوەستێت، ئایا ئاراستەکەی بەرەو عەقلانیە یان بەرەو سەروو سروشتییە، یەکەمیان فانتازیا نییە، دووەمیان فانتازیایە .

هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆمان پێویستە لە خزمەتی ڕووداودا بێت د. ڕەشاد ڕشدی دەڵێت: "هەموو ئەو توخمانەی لە چیرۆکدا هەن وەکو گێڕانەوە - دایەلۆگ – زمان - وەسف - و..هتد پێویستە لە خزمەتی ڕووداودا بن هەرتوخمێك لەوتوخمانە ناتوانرێ بە تەنیا دابڕێژرێت، بەڵکو هەریەکێکیان بەشێکە لە ڕووداو، بەشداری دەکات لەگەشەکردن و وێناکردنیدا. کەواتە ڕووداو یەکەیەکی ئاڵۆزە لە بنیاتە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان، وەکو بنیاتەکانی دیکە خاوەن تایبەتمەندی و پێکهاتە و بنەمای تایبەتی خۆیەتی". لە ڕووی بنەماوە ڕووداو لەسەر دوو بنەما دادەمەزرێت:

١. ناوەڕۆك "بابەتی دەق پێکدەهێنێت".

٢. شێوە "چۆنیەتی بەکارهێنانی بابەت دەگرێتەوە لە دەقدا". (مستەفا، ٢٠١٠، ٢٢) ڕەشاد ڕشدی ڕووداو لە ڕووی بنەماوە لەسەر دوو بنەما دادەمەزرێت لە ڕووی ناوەڕۆك و شێوەدا .

ئەو ڕووداوانەی، کە مەرجەکانی فانتازیایان تێدایە زیاتر بە ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش ئەژمار دەکرێن. "فانتازیا ڕووداوی ڕووداوەکانە، دەرخستنی دیاردە سەروو سروشتییەکانە، وەکو قسەکردنی ئاژەڵان، نووستنی هاوەڵانی ئەشکەوت بۆ ماوەیەکی درێژ، فڕین لە ئاسماندا یان ڕۆیشتن لەسەر ئاودا" (حليفي، ٢٠٠٩، ٦١) لێرەدا ڕووداوی فانتازیا جیاوازە لە کەسێتی و شوێنی فانتازیایی لە ناو ڕووداوەکانیشدا ڕووداوی فانتازیایی لەگەڵ ڕووداوێکی ئاسایی دا جیایە وەکو ڕووداوی سەرووسروشتی .

گێڕەرەوەی بەتوانا ئەوەی لە دەمی دێتە دەرەوە وەرگر یان خوێنەر بەڕاستی دەزانێت"ئەمەش لەوێوەیە "ئێمە پەیوەستین بە دەمی گێڕەرەوەوە"، ئەو چی بڵێت و چی لە دەمی ئەو بێتە دەرەوە، ئێمە وەری دەگرین و لەگەڵی دەڕۆین و کاری لەسەر دەکەین بۆیە پێویستە ئەوەی ئەو دەیڵێت، بە جۆرێك بێت "وا لە خوێنەر بکات بڕوا بکات، بەبێ ئەوەی لە حەقیقەتدا باوەڕی کردبێت". واتە لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکەدا خوێنەر باوەڕ بە کەسێتیی و ڕووداوە سەروو ـ سروشتییەکان دەکات، بەڵام لە ڕاستیشدا بڕوای پێ نەکردوون، چونکە دەزانێت ئەوەی ڕوودەدات، تەنها لە ناو دەقەکەدا ڕوودەدات و بەرهەمی خەیاڵی نووسەرە" (تاتانی، ٢٠١٥، ٥٠ ) گێڕەرەوە ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە، ئەوەی لە زاری گێڕەرەوە دەردەچێت کاریگەری لەسەر ئێمەش دا دەبێت، واتە باوەڕ بوون بە کارە سەروو سروشتییەکان، کە لە ڕاستیدا گێڕەرەوە باوەڕی پێ نەکردووە، دەزانێ خەیاڵی نووسەرە.

ڕووداوی ئاسایی و سەیر و سەمەرە پێویستیان بە شیکردنەوەی سەروو سروشتی نییە "ئەم ڕووداوانە کۆتاییان دێت بەشیکردنەوەی سەروو سروشتی، یان خوێنەر باوەڕی پێدەکات ئەگەر سەروو سروشتی بێت شیکردنەوەکە ئەوەندە ڕوون بێت لە توانایدا بێت لەعەقڵەوە پێشوازی لێبکرێت و شیکردنەوەی بۆ بکرێت، ئەو کاتە لە فانتازیاوە بۆ سەیرو سەمەرە دەچێت، بەڵام ئەگەر ڕاستی ڕووداوەکە پەسند بکات وەکو خۆی بە فانتازیا دەمێنێتەوە.شەیتان و جنۆکەکان بەچەندین شێوەی ئاژەڵی دەردەکەون، بە تایبەتی شێوەی قەبە و گەورە و جۆرەکانی دیکە، جارێکیان وەکو سەیرو سەمەرە جارێکی دیکە وەکو فانتازیا" (حليفي، ٢٠٠٩، ٦١) شیکردنەوەی دیاردەکە ڕوون بێت دەچێتە بواری سەیرو سەمەرەوە، ئەگەر خوێنەر ڕووداوەکەی وەکو خۆی وەرگرت و پەسندی کرد و باوەڕی پێ هێنا دەچێتە بواری فانتازیاوە .شەیتان و جنۆکە بەچەندین شێوە و جۆری ئاژەڵ دەردە کەوێت، جارێکیان وەکو"الغريب" سەیروسەمەرە کە ڕاڕایی دروست ناکات، جارێکیان وەکو فانتازیا دەردەکەوێت ڕاڕایی دروست دەکات.

بۆ ئەوەی خوێنەر باوەڕ بە ڕووداوە فانتازییەکە بکات پێویستە ئاشنای بێت و لەگەڵ ڕووداوەکە ئاوێتە بێت "بۆ دەستەبەر کردنی کاریگەرییە ویستراوەکە پێویستی بە جووتبوونی سۆزداری هەیە بۆ ئەوەی بە تەواوی ڕۆبچێتە ناو ڕووداوی ڕەگەزە ئەدەبییەکە دەرچوون لێی تا کۆتایی، بۆئەوەی گریمانەی پێشبینی کردنەکە ڕاست بێت بۆ شتە بینراوەکان "Apparitions"ئەوانەی یان ئەو شتانەی خوێنەر دەوروژێنن، کار بۆ ئەوە دەکەن شتەکان لە وێنە و قەبارەدا دەبێ گونجاو بن لەگەڵ سروشتی بیرکردنەوەی، دواتر زۆر ئاسان دەبێت بۆ ڕۆچوون بۆ ناو ناخی ڕووداوەکە لە بواری فانتازیادا" (علام، ٢٠١٠، ٤٢)گێڕەرەوە بەشێوەیەکی قووڵ دەبێ ڕۆبچێتە ناو ڕووداوەکە بۆئەوەی وەڵامدانەوەی هەبێت لای خوێنەر وەڵامەکەش دروستکردنی

ڕاراییەکەیە، کە بە ڕۆحی فانتازیا دادەندرێت.

پێشبینی کارێکی لە ڕادەبەدەرە، هەموو مرۆڤێك پێشبینییەکانی نایەتەدی"لە ڕاستیدا پێشبینی کردن، لەم بوارەدا، جۆرێکە لە خەیاڵ، بەڵام لەسەر بنەمایەکی پتەو نییە، لەوانەیە نەیەتە دی لە بیرو بۆچوونی ئێستاماندا لە تێڕوانینی نەوەکانماندا دەگۆڕێن، لە کاتی پێشبینی کردن لە گواستنەوەی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بە هەمان خێرایی تیشکی خۆر کە بە خێرایی ١٨٦هەزار میل لە چرکەیەکدا، یان بیروباوەڕی زیندوو بوونەوەی مردووەکان، جارێکی دیکە گەڕانەوەیان بۆ ژیان لە دوای شیبوونەوەی بۆ گازەکان وڕەگەزەکان و خۆڵ، یان بیرۆکەی داهێنانی ئامێری قۆزتنەوەی شەپۆلەکانی دەنگی ئەو مرۆڤانەی بەر لە ئێمە کە لەسەر ئەم هەسارەیەدا ژیاون بە هەزاران ساڵ پێش ئێستا، هەروەکو ئەوەی دەنگەکانیان مابێت یان وەك ماددەیەکی بەستوو لە هەوادا هەڵگیرا بێت .لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە پێشبینییەکان لەسەردەمەکانیاندا بە خەیاڵی ئەژمار دەکران، خەڵك زۆر بەگرنگی وەریانی نەدەگرت" (عزام، ٢٠٠٣، ٧٢) پێشبینی کردن خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە خەیاڵ و بنەمایەکی پتەوی نییە پێشنینی کردن لە گواستنەوەی مرۆڤ بە خێراییەکی زۆرەوە لە ئاستی خێرایی تیشکی خۆر بێت، هەروەها پێشبینی داهێنانی ئامێری قۆستنەوەی شەپۆلەکانی دەنگ، لە ڕۆمانی دەغدودا موغی موغان شەست و چوار پێشبینی بەر لە دوو هەزار و حەوت سەد ساڵ لەمەو بەر دەکات زۆربەی پشبینییەکان هاتوونەتە دی هەندێکیش ماون تا ساڵی دوو هەزار و پەنجا لەوانەیە ئەوانیش بێنە دی. " باسکردن لەو هێزە شاراوەی کەلە مرۆڤ و گەردووندا هەیە وەکو سیحر "التقمیص " "Telekinsis"و "التخاطر "Telepathy" و "التنجیم"بە هەسارە بوون، هێزە ڕۆحییە شاراوەکانی مرۆڤ، تواناداری لە جوڵە پێکردنی کەل و پەل، تیشك بەخشینەوە "Shining."(عزام، ٢٠٠٣، ١٦١) ئەو هێز و توانایەی کە لە مرۆڤ و گەردووندا هەیە وەکو سیحر و سەیرکردنی شتەکان بە چڕیی و چوڵاندنی کەل و پەل بە سەیرکردن هەروەها ئاگر تێبەردان و تیشك بەخشینەوە، ئەوانە دەچنە بواری کاری دەرئاسا و رادەبەدەرەوە.

زمان ڕۆڵێکی باش دەبینێت لە خستنە ڕووی ڕووداوی سەروو سروشتی "جا لەبەر ئەوەی سەروو- سروشتی بەرهەمی زمانە، ئەمە وادەکات بەدوای ئەوەدا نەگەڕێین ئایا ئەوەی ڕۆماننوس لە ڕۆمانەکەیدا پێشکەشی دەکات حەقیقییە، یان نا، چونکە "زمانی ئەدەبی زمانێکی ئیتیفاقی، یان زاراوەییەو ئەستەمە تیایدا حەقیقەت ئەزموون بکرێت، چونکە حەقیقەت بریتییە لە پەیوەندیی نێوان وشەکان و ئەو شتانەی دەلالەتیان لێ دەکەن، لە ئەدەبیشدا ئەو شتانە بوونیان نییە" (تاتانی، ٢٠١٥، ٥١) بەهۆی بینین و زمانەوە فانتازیا کاری ئەدەبی خۆی دەکات، سەروو سروشتی، زیاتر پسپۆڕی زمان لە دەربڕیندا تام و چێژو خۆشی و ترسدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت بۆ ئەوەی قەناعەت بە خوێنەر بهێنێت ئەوەی دەیگێڕێتەوە ڕاستە.

لە کاتی گێڕانەوەدا متمانە دروست دەبێت لای خوێنەر، گێڕەرەوەی بە توانا ڕووداوە فانتازیاکان دەخزێنە ناو هزری خوێنەرەوە بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوەی دەیبین ڕاستە یان ڕاست نییە. تۆدۆرۆف دەڵێت: "ئەگەر ڕووپێوێکی سادە لەسەر ئەوڕۆمانانە بکەین کە فانتازیایان تێدایە، ئەوکاتە دەتوانین ئەو تایبەتمەندییە جێگیر بکەین لە پێکهاتەکەیدا، جەخت کردنەوە لەسەری پێویستە، چونکە ئەوەی ئێمە لەچیرۆك گێڕەرەوەکەمان دەوێت، متمانە هێنانە بە ئەوەی بینیومانە، هەروەها پاڵمان پێوەدەنێت بۆ ئەوەی بپرسین تێڕوانینمان بۆ واقیع و مەودای تێگەیشتنی ڕاستەقینەمان بۆی . گێڕەرەوە پشت بە توانای زمانەوانی دەبەستێ بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم چالاکیە بە باشترین شێوە. بەم شێوەیە زمانە کە کارەکە بەڕێوە دەبات نەك دەرهێنەر هەروەکو ڕۆلان پارت گوتویەتی" (علام، ٢٠١٠، ٤٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :ڕۆلان پارت.درس السیمیولوجیا.متمانە هێنانەوە لە لایەن گێڕەرەوە، بۆ خوێنەر پێویستە، چونکە ئەو متمانەیە بۆ بەردەوام بوون، لە ڕووداوی ڕۆمانەکە وا لە خوێنەر دەکات باوەڕ بکات.

هەموو گرەوەکە دەکەوێتە سەر گێڕەرەوەی بە توانا الصدیق بو علام دەڵێت: "بۆ ئەوەی گێڕەرەوە بەڕاناوی قسەکەر بێت بۆگێڕاوە لە جیهانی ترس و تۆقاندا دەبێ ئاگاداری گشت وردەکاریەکانی بێت هەروەکو تۆدۆرۆف جەختی لەسەر دەکاتەوە دەڵێت: دەبێ کەسی گێڕەرەوە لە فانتازیادا زۆر شیاو بێت بۆ ئەم ڕەگەزە"(علام، ٢٠١٠، ٤١) کەسی گێڕەرەوە پێویستە لێزان بێت و شیاو بێت ئەرکی سەرەکی لە دروست کردنی متمانە لای خوێنەر دەکەوێتە سەر گێڕەرەوە.

١. ڕووداوێك کە لە بنەڕەتەوە باوەڕ پێکراو نەبێت، ڕووداوێکی جیهانی لە ڕاددەبەدەر بێت، گوێگر باوەڕی پێدێت لە ڕێگای گێڕەرەوەیەکی نزیك و بە تواناوە "لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەو سیستەمەی تەحەکوم بە فانتازیا دەکات بەم جۆرەیە: "ڕووداوێك ـ کردەیەك ڕوودەدات سەر بە جیهانی لە ڕاددەبەدەر "عالم الخوارق"ە... ئەمەش پەرچەکردارێك لای خوێنەری شاراوە "بەشێوەیەکی گشتیش لای پاڵەوانی چیرۆکەکە" دروست دەکات، ئەم پەرچەکردارە پێی دەوترێت ڕاڕایی، ئەو دەقانەی ئەم ڕاڕاییە دروست دەکەن سەر بە فانتازیان جیهانی لە ڕاددەبەدەرە کە دۆخی ڕاڕایی دروست دەکات لای کەسێتیی و خوێنەردا، ئەم ڕاڕاییەش مەرجی سەرەکییە بۆ دروست بوونی فانتازیا مەرجێکیشە کە تۆدۆرۆف دایناوە بۆ جیاکردنەوەی لە ڕووداوی ئاسایی نیشانەی ڕاڕابوون مەرجێکی زەق و دیاری هەر کارێکی ئەدەبی فانتازیایە، ئەو ڕاڕاییە وا لە خوێنەر دەکات لە کەسێکی بەئاگاوە بۆ کەسێکی بێ ئاگاو وڕێنە بچێت، بە هۆی ئەو ڕووداوەی کەبەسەری هاتووە یان خوێندویەتییەوە.

٢. تۆدۆرۆف جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو کاتە دەچینە ناوجەرگەی فانتازیاوە، کە "ڕووداوێك ڕوودەدات و ناتوانرێت بە یاساکانی جیهانە مەئلوفەکە لێك بدرێنەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ئەدەبدا بابەتەکانی فانتازیا لە هیچ کات و شوێنێکدا بەدی نایەن، چونکە فانتازیا تێپەڕاندنێکی ئاشکرای هەموو سنورەکانی کات و شوێنە" (تاتانی، ٢٠١٥، ٥١-٥٢) تێپەڕاندنی شوێنکات لە فانتازیادا هەروەکو ئەو یاسایە نییە کە ئێمە پێی ئاشناین کە لە جیهانی واقیعی خۆماندا هەیە، ئێمە ڕۆژانە ڕاهاتووین بە هەموو ئەو ڕووداونەی کە بەسەرمان دێت وهیچ نیشانەیەکیش لە ڕووخسار و دیوی ناوەوەماندا دروست نابێت، لەحاڵەتێکدا نیشانەی ڕاڕایی دروست دەبێت ئەگەر لە ڕاستی و دروستی ئەو شتە دڵنیا نەبین، کە بەسەرماندا هاتووە یان بینیومانە یان لە ئەنجامی گێڕانەوەدا بیستومانە یان وەکو خوێنەرێکی ڕۆمانی فانتازیایی بەچاومان کەوتبێت، بەرجەستە دەبێت.

## ٣. ڕووداوی فانتازی لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا:

ڕووداوی فانتازی پانتاییەکی زۆری ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی داگیر کردووەو دەکرێت بەم جۆرەی خوارەوە ئاماژە بە کۆمەڵێک لە ڕووداوە فانتازییەکانی ڕۆمانەکە بکەین:

### ١.٣ ڕووداوی فانتازی بەهۆی دەنگی فلووتە فانتازییە سیحراوییەکە:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp38-52

سەرمەد تاهیر تاکە شتێك لە دوای مردنی بە جێیابێت فلووتێکی سپی بوو، ئەو پیاوە فلووتژەنە کە دراوسێی ماڵی جەلادەتی کۆتر بوو ئاوازی خۆشی دەژەند، جەلادەت لەسەر دیواری نێوان ماڵیان دادەنیشت زۆر بە حەزێکی زۆرەوە گوێی لە دەنگی ئاوازەکانی فلووتەکە دەگرت، ئەویش لە کۆتایی هەر فلووت لێدانێکدا زەردەخەنەیەکی بۆ جەلادەت دەکرد، ئەمە رۆژانە ببووە خوییێك لای جەلادەتی کۆتر، دەچووە سەر دیواری نێوان ماڵی خۆیان و دراوسێکەیان بۆ ئەوەی گوێ لە مۆسیقا بگرێت "کە بەر لە مردنی لە زەرفێکی تایبەتدا پێچابوویەوە و بەدەستوخەتێکی جوان لەسەری نوسیبوو"ئازیزان، تکایە هەرکەسێك لاشەکەی منی داگرت، ئەم فلووتە بدات بە جەلادەتی بچکۆڵە، کوڕە چکۆڵەکەی کاك"ئیسماعیلی کۆتر"ی دراوسێیمان"...بەڵام لەوە سەیرتر ئەوەبوو کە بۆ یەکەمجار فلووتەکەیان دایە دەست جەلادەتی بچکۆلە ڕاستەوخۆ دەیتوانی ئاوازی قەشەنگ دەربهێنێت،" (عەلی، ٢٠١٣، ١٩) جەلادەت ئەوەندە لەسەر دیواری ماڵەکەیانەوە سەیری سەرمەد تاهیری کردبوو لە کاتی ژەنینی فلوتەکەیدا و گوێی بۆ ڕادێرابوو زۆر ئاشنای ببوو. جەلادەتی کۆتر و سەرهەنگ قاسم بەیەکەوە بڕیار دەدەن کە واز لە هەموو شتێك بهێن "لەگەڵ ئەو ساتەدا کە دەرگاکەی ماڵەوە دادەخات و یەکەم هەنگاو دەنێت بەرەو دونیایەك کە بە دونیای شتە نەمرەکانی دەزانێت. چیرۆکەکەی ئێمە بەتەواوەتی دەست پێدەکات.چیرۆکی دوو گەنج کە واز لە هەموو شتێك دەهێن و دوای مامۆستایەکی پیری مۆسیقا دەکەون."(عەلی، ٢٠١٣، ٢٦) بەختیار عەلی نوسەری ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، بۆ خوێنەرەکانی ئاشکرا دەکات، کە ئەگەر بە سەلیقە بن ڕووداو گەلی هەردوو خوێندکار، کە واز لە خوێندن دەهێن و روو لە مامۆستایەکەیان دەکەن، ئەوە سەرەتای ڕاستەقینەی چیرۆکەکەیە، کە لە ڕاستیدا ڕێگای مۆسیقارێکە لە سەردەمی مردن و قڕانکردنی مرۆڤدا بیر لە نەمری دەکاتەوە ئەو خەریکی فێرکردنی خوێندکارەکانییەتی .ئیتر لەچوارچێوەی ماڵێك دەردەکەون بەرەو جیهانی فراوانی سروشت و ئازادی هەنگاو دەنێن، دەگەنە خانویەك، سپی وەك بەردی سەر ئەستێرەیەکی دوور، ماڵێك لە ناو باغێکی گەورە و هێمنییەکی سیحراوی، پڕ لە بۆنی سروشتێکی دڕندە و ویقاری هەندێك درەختی پیر. ئیسحاق فێری خوێندکارەکانی دەکرد لە سروشتەوە دەنگەکانی باران لەیەك جیابکەنەوە، کە بەر شوێنە جیاجیاکان دەکەون، هەندێکجار خوێنبەربوونی جەستەی پێشمەرگەیەك بە مۆسیقا دەوەستێن لەکاتی نەشتەر گەری پێشمەرگەیەك لە کونە ئەشکەوتێکدا کە کارمەندێکی تەندروستی خەریکی نەشتەرگەری کردنی بوو، ئەوەی پێی بکرێت بۆی بکات، بەهۆی مۆسیقای ئەمانەوە توانراوە، ئازاری کەم بکرێتەوە لەبری سڕکردن، لە دواجاردا بە مۆسیقاو هیمەتی کارمەندەکە چارەسەری پێشمەگەکە دەکرێت. مۆسیقا لەگەڵ سروشتدا تێکەڵیان دەکات، بەڵام نازانێت سروشت لەگەڵ ئەواندا تێکەڵ بووە یان ئەوان لەگەڵ سروشتدا تێکەڵ بوون.لێوزێڕین پێی وابوو زەمین سەرتاپا بەهەشتێکە ئەوان دەبێت بیکەنە کانگای سروش، ئەوان دەیانویست بەناو ئەو جەنگەدا بڕۆن کە لە نێوان عێراق و ئێراندا بوو بەڵام ئیسحاق پیاوێکی گەمژە نەبوو، ئەو هەتا سووتان و تاعوون و دەردیشی دەکرد بە مۆسیقا. لێوزێڕین زۆر بێباك لەیەك شوێن وەستابوو بە مۆسیقا سەوڵەکانی لێدەدا بێئەوەی لە مردن بترسێت وەك ئەوەی بەرەو قیامەتیان ببات، کە شوێنێکی دژە. ئیسحاقی لێوزێڕین لە کاتی گیرانیاندا هەر بیرو هۆشی لای مۆسیقایە، ئاگاداریان دەکاتەوە کە نەترسن بەس گوێگرن، مۆسیقای جەنگ گیان هەژێن و ئاسەواریان زۆر بڕ دەکات، لێوزێڕین لەکاتی دیلی و هەڵپەڕینیشدا پەیامە پیرۆزەکانی مۆسیقا پەیڕەو دەکات. "ئەوان لە ئێمەیان دەدا و ئیسحاق بە هێمنی دەیگووت" بۆ ئەوەی ئەم ساتە بکەینە مۆسیقا دەبێت زۆر بیر لە جەستەمان نەکەینەوە"وای دەگووت و ئەوان شتێکیان دەکێشا بە دەمیدا.ئەو بەردەوام دەیگووت"کە لێتاندەدەن ئێوە لە خەیاڵی خۆتاندا مۆسیقا بژەن، ئاگاتان لە نوقمبوونی خۆتان بێت لە بەحرێکدا هەمووی ئاوازبێت، مۆسیقا وەدەکات لەشمان بەرگەی دەردی زۆرتر بگرێت"وایدەگووت و شتی دیکەیان دەکێشا بەزاریدا، من لە ژێرەوە تەماشای ئەو خوێنەم دەکرد کە لە لێوی زێڕینی ئەو دەهاتە خوارێ لەو ساتەدا خەیاڵم لای هەموو ئەو مۆسیقا ڕژاوەبوو کە دەشێت لە خوێنی ئیسحاقدا بێت ."(عەلی، ٢٠١٣، ٨٠). لێوزێڕین بە چرپە لە کاتی پیاکێشانیاندابە جەلادەت و سەرهەنگی دەگووت، ساتە وەختە پڕ لە ئازار و ناخۆشەکان بکەن بە مۆسیقا، بۆ ئەوەی لەشیان زیاتر بەرگەی لێدان بگرێت، جەلادەت لەکاتی لێدان و پیاکێشانی لێوزێڕیندا خوێن لە زاریدا دەهاتە خوارەوە، لێوزێڕین دەیگووت: ئێستا کاتی لێك جیاکردنەوەی جەستە و رۆحە، پێی وابوو ئەو خوێنە گشتی مۆسیقا و ئاوازی تایبەتی خۆی هەیە.دیارە فلووت ئامێرێکی مۆسیقای سیحراوییە لە دێر زەمانەوە لە ئەفسانەیەکدا سبستیان هێر میوولەر کە مامۆستایەکی ناسراوی ئارکۆلۆژیای زانکۆی هایدلبێرگ بوو، یەکێك بوو لە دۆستە نزیکەکانی دالیا، لە شارۆچکەیەکی خۆرئاوای ڕانیەوە هاتبوو، لە هەمووان زیاتر گوێی لە چیرۆکی جەلادەتی کۆتر دەگرت، پێی وابوو فلووتەکەی جەلادەت و فلووتەکەی خوداوەند "پان" دا، لەگەڵ "کریشنا" دا، لەگەڵ"شیفا یەك دەگرنەوە" چونکە فلووت ئامێری خەلیقەتە نەك مەخلوق، ئامێری خوداوەندە، وەك شیفا کە بە خۆی و فلووتێکەوە بە دەوری گەردووندا سەما دەکات و جیهان دروست دەکات، هەروەها میوولەر بە دالیا دەڵێت ئەوەی فلووتێکی سیحراوی بەدەستەوە بێت، دەتوانێت جیهانێکی سیحراوی دروست بکات.لێردا فلووت ئامێرێکی مۆسیقای خودایە و دەنگەکەی کە دەکاتە ئاوازی ئەفڕاندن دەنگی بەڕائەت و ڕاستی و دەنگی راستی خودایە و مژدە بەخشە دڵڕفێنە ڕۆیشتنە بەسەر ئاودا فڕینە بە ئاسماندا، ئەو مۆسیقایە دوو سەرەیە بۆ جەلادەت و سامیری بابلی، یەکەمیان کە هەوڵدەدات بە مۆسیقا و بە فلووتەکەیەوە جیهان دروست بکات، نەخۆش چارەسەر بکات بریندار چاك بکاتەوە ورەی پێشمەرگە بەرز بکاتەوە و مردوو زیندو بکاتەوە و مەحاڵ بکاتە واقیع، دڕندە بکاتە فریشتە بەڵام لە دووەمیاندا کە سامیری بابلییە دەبێتە مایەی سەرئێشە و خەوزڕان و هیستریا بە دوای دەنگی فلووتەکەی جەلادەت دەکەوێت و چەندین شەو ناخەوێت تەنها بۆ ئەوەی شوێنەکەی جەلادەت بدۆزێتەوە و بیکوژێت، چەندین خانو و ماڵی هاووڵاتیانی سڤیل دەڕوخێنێت و چەندین گەڕەك تەخت دەکات، لە دواجاردا وای لێدێت هیچ دەرەتان و چارەیەکی لە بەردەمدا نامێنێت تەنها خۆبەدەستەوەدان و تەسلیم بوون نەبێت بە چۆکدا دەچێت و دەگرییێت و بە جەلادەت دەڵێت: لە کوێی دونیادا بینیوتە لە ناو کەسێتییەکی خوێنمژ و جەلاد کەسێتییەکی دیکەی پێچەوانە لە رووی ئاکارەوە کە مۆسیقارە بوونی هەبێت، لەدوا جاردا سامیری بابلی دان بە هەموو تاوانەکانی دادەنێت کە لە پێناوی تۆڵە سەندنەوەدا کردوویەتی، دەڵێت:جێگەی ئەو دوو جۆرە کەسێتییە دژە لەناو یەك کەسدا مەحاڵە نابێتەوە، کەسانی کە بەردەوام دەبنە داردەست و کلك و پاشکۆی رژێمە دڕندەکان لەو دەنگە نەگریسە دەترسن کە دەنگێکی پاك و سەدایەکی خودایییە، بۆیە لە کاتی دادگایی کردندا کە جەلادەت حاکمە و سامیری بابلی تاوانبارو دیلی ژێردەستییەتی وێڕای ئەوەی کە لە جاری دووەمی مردنی جەلادەتدا سامیری بابلی ڕزگار کەریی بوو بەڵام جەلادەت هەرگیز سازش لە حەقی ئیسحاقی لێوزێڕین و سەرهەنگ قاسم ناکات. ئیسحاقی لێوزێڕین بە سەرهەنگ

قاسم دەڵێت: "سەیری ئەو دەریاچەیە بکە، چ نورێکی سەیرو کوتوپڕو ئاسمانی تێکەوتووە...ئیلاهی ئەم منداڵە چ جۆرە مەخلوقێکە...وازی لێبهێنە... ئێمەی ئینسان لە تێکەڵاوبوونی سێ مەعدەن خولقاوین.مەعدەنی ئینسان کە بەشی هەرە گەورەی ڕۆحمانی پێکهێناوە، لەتەك مەعدەنی شەیتان کە بەشێکی تری بوونمانە، لەگەڵ مەعدەنێکی جاوید، کە بەشێکی بچوکە لە پێکهاتەمان، ئەو بەشەیە کە ئیلهامی جوانی و مۆسیقای لێوەردەگرین، بەڵام ئەم هاوڕێیەی تۆ لە کانزایەکی نەمر دروستبووە سەیرکە هەموو ئەو بەحرە یەك پارچە جوانییە، هەموو ئەو بەحرە یەك پارچە ژیانە..." (عەلی، ٢٠١٣، ٥٩) لیۆزێڕین تووشی سەرسوڕمان و سەرسامی دەبێت بە سەرهەنگ قاسم دەڵێت :سەیرکە جەلادەتی هاوڕێت چ موعجیزەیەکی بە مۆسیقا دروست کردووە، لەوەڵامدا پێی وایە ئەو مەعدەنەی مرۆڤی لێدروست بووە سێ جۆرە، یەکیان مرۆڤ خۆیەتی کە سێ بەشی رۆحی داگیرکردووە، بەشەکەی تر شەیتانییە، کە مرۆڤ کاری سەرشێتانە و نا لۆژیکانەی پێدەکات، لەگەڵ ئەو کانزایە نەمرەی کە جاویدانی پێدەڵێتن، بەڵام ئەو کانزایەی کە جەلادەتی لێدروست بووە نەمرە، زۆرگرانبەهایە. نووسەر مەعدەن و کانزا لە دوو تێکستدا بەکار دەهێنێ کە یەك واتایان هەیە پێویستە کانزایەکە لە بری مەعدەن بەکار بهێنێ، ئەگەر مەعدەن بەوتای پێکهاتەی جەستە بێت شتێکی ترە، مەبەست ئەو منداڵە لە مەعدەنی سێیەمدا کە جاویدانە زۆر زیاتری بەرکەوتووە. لە نێوان کەسێتییەکی ئاسایي و پەیامهێنێك جیاوازی زۆر هەیە، کەسی ئاسایي ناتوانێت ئەفڕاندن و موعجیزە دروست بکات، خۆشی لە نێوان کەسێك زۆر حەزی لە مۆسیقایە و تا پلەی شێت بوون، لەگەڵ کەسێك بەهرەیەکی خودایي هەیە و ئەو بەهرەیە لە مرۆڤی ئاساییدا نییە.لەکاتی ژەنینی فلووت و گەیشتن بە ئاوازێکی سیحراوی هەموو ئەو هەستانەی هەبوو کە کەسێکی نائاسایي فانتازی هەستی پێدەکات، هەستی دروست بوونی باڵ لەبری باسك، هەستی فڕین هەستی گەیشتن و بەرکەوتن بە تریفەی مانگ، ئیسحاقی لیۆزێڕین لەژێر دەستی کەسانێکی مایسترۆ لە مۆسیقا مەشقی کردبوو، ئیسحاقی لیۆزێڕین لە مۆسیقادا گەیشتبووە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو، لەگەڵ ئەو ئوستادانە ژیابوو کە لە شوێنە خەیاڵییەکاندا فێری مۆسیقایان کردبوو، دەستی موعجیزەی مۆسیقای هەبوو، هەموو شتەکانی ئەو دیوی دەبینی، کە کەسانی دیکە نەیاندەبینی، دەستی دروستکردنی موعجیزەو کاری مۆسیقای فانتازی هەبوو، خۆشی لەو جۆرە کەسێتییە فانتازیانە بوو ئەفڕاندن بکات. پێشتر زمانی کوردی لای جەلادەت زۆر جار زمانی توڕەبوون و جنێودان و هاوار هاواری ناو کوچەکان و دەمەقاڵێی ناو بازاڕ بوو زمانی قیرە قیڕو زۆربلێیی بێمانابوو، بەڵام لیۆزێڕین ئەو بیروبۆچوونەی لای جەلادەت گۆڕی، سیحری زمان و دروستکردنی وشەو دروستکردنی ڕستە و ئاوازەی دەنگەکان زیندوویي زمان دەپارێزن وا لە زمان دەکەن سیحری و ئەفسوناوی بێت، ئیسحاقی لیۆزێڕین وای لە جەلادەت کرد کەوا شێتی زمانی دایکی ببێت، بەدەرخستنی گشت نهێنی و پێکهاتەکانی لە واتا و دەنگدا . جەلادەت لە نێوان فڕین و مەلەکردندا زۆر سەیر دەجوڵایەوە، سەرهەنگ قاسمی نەدەبینی بەڵام وەك جەستەیەك وابوو تریفە دەیبرد، مۆسیقا بۆ جەلادەت وەك دەریایەك وابوو دەبووایە تیایدا بخنکێت، جیاوازی لە نێوان سەرهەنگ قاسم و جەلادەتدا وەکو ئەوە وابوو کە یەکێك لەدەریای مۆسیقادا مەلە بکات لە بەرامبەردا جەلادەت لە ئاسمانی مۆسیقادا دەفڕێت، جەلادەت مردن و مۆسیقا لە پەیوەندییەکدا لێك گرێ دەدات، پەیوەندییەکە لە ئاوازێك دەچێت کە لەودیو وجودەوە بێت، لەگەڵ تاقمێك فریشتەدا ئەو بەرەو عەرشی خودا ببەن، ئێوارەیەکی درەنگ یەکێك لەو مردووانە بە خۆی و فلووتێکەوە، دوای گەشتێکی دوورو درێژی چەند ڕۆژە بە زۆنگاوەکانی باشوور و باغەکانی نێوان دیجلەو فوراتدا گەیشتە شاری تەپوتۆزی زەردو لە یەکێك لە کوچە تاریکەکاندا جەلادەتی کۆتری بینی، لە کاتێکدا پرتەقاڵی سپی لە گەرمەی خۆئامادەکردندا بوو، تا بە تەواوی ئیدارەیەوە ڕووبکاتە باغێکی گەورەی پایتەخت تا لە ئاهەنگە مەزنەکانی سەرکەوتندا بەشداربێت، جەلادەتی کۆتر کە دەیزانی ناتوانێت لەو شارە بچێتە دەرەوە، دەیزانی دەشێت تووشی چ مەترسییەك بێت، لە هەرای خۆئامادەکردن بوولە تاریکی کوچەیەکدا خۆی ونکرد.جەلادەت لەو ساتەدا مردووەکان دەبینێت لە ڕووداوێکی فانتازیدا مردووەکان لە سەنگەرە دوورەکاندا هەڵدەستنەوە پێلاوەکانیان لە پێدەکەن کۆڵەکانیان دەکەنەوە کۆڵ بە زیندوویي دەگەڕێنەوە . سەربازەکە بە جەلادەتی دەگووت:کەواتە تۆ گوێت لێمە، تۆ دەمبیستیت، من دە ڕۆژە بە زەویدا وێڵم و کەس نامبیستێت، لەترسی با ئێرەیان چۆڵکردوە، یاخود لە ترسی شەوێك کە ئاوا نابێت؟جەلادەت دەپرسی:شەوێك کە ئاوا نابێت؟لێرە هیچ شەوێك نییە ئاوا نەبێت، ئێرە شارە وەك هەموو شارەکانی تری دونیا، تێدەگەیت ڕۆژێك دێت ژیانی مرۆڤ کۆتاییدێت. لیۆزێڕین:دەبێت مۆسیقایەکی گەردوونی دروست بکەین، بە هۆیەوە خودا لێمان خۆش بێت، ئەو مۆسیقایە کەس نەیبیستبێت، مۆسیقا کلیلە و نازانیین چ دەرگایەکمان بۆ دەخاتە سەر پشت، لەگەڵ مۆسیقا بن، ئەگەر بۆ مردنیش بێت مەترسن مۆسیقا وەك ئارامییەکی فێنك فاسیلەی نێوان جەلادەتی کۆتر و سەرهەنگ قاسمی لەگەڵ دونیادا تەڕدەکرد، لەگەڵ یەکەم ئاوازدا روخساری شەو دەگۆڕا، وەك ئەوەی دونیا سەرتاپا لەنوێ لە ئاوێکی هێمنەوە بێتە دەرێ.جەلادەت کە مۆسیقای دەژەند، هەستیدەکرد لە نێوان ئەو و دونیادا پردێکی ئاویي هەیە، پردێك بە تاڤگەیەکی لەسەرەخۆ دەچێت .ئیسحاق مۆسیقای دەژەن و جەلادەت چاوی دەنووقاندو گەردونی لە سافترین وێنەدا دەبینی، هەندێکجار بە هۆی دەنگێکەوە هەموو ئەو شتانەی خەوتوون لە ناخیاندا بە خەبەر دێنەوە، هەر ئەو دەنگە چالاکیان دەکات، لە خەوی چەند ساڵە ڕایان دەچڵەکێنێت. هەندێك شەو ئیسحاق جەلادەت و سەهەنگی دەریانیدە هێنایە دەرەوە، بە ناو شەو و تاریکیدا دەیبردن، دەڕۆیشتن و چاویان دەنووقاند و مۆسیقایان لێدەدا، کپی شەو و دەنگی ئەستێرە و خەوتنی پاساری و خەیاڵی گوڵەکانیان دەکرد بە مۆسیقا، بایان دەکردە مۆسیقا، جریوەی چۆلەکە برسییەکان، دەنگی هەناسەی چۆلەکەیەك لە تەماشاکردنی ئەستێرەیەکدا وێنەی هەموو شتێکیان بە مۆسیقا دەکێشا، هەموو وێنەکانیان تۆمار دەکرد کە لەکاتی ڕۆحکێشان و ئازارداندا هیچ شاهیدێکیان نەبوو . لە ڕۆیشتندا مۆسیقایان لێدەدا، بەسەر گۆمەکاندا دەڕۆیشتن مۆسیقایان لێدەدا، باران و بەفریان نەدەزانی، ئەوان کاریان بەوە نەبوو لەسەر زەویدا بڕۆن، لە کاتی ژەنینی مۆسیقادا بەردەوام لەفڕیندابوون لەکاتی مۆسیقا لێداندا، مەست دەبوون بەسەر ئاودا دەڕۆیشتن نقوم نەدەبوون تەڕ نەدەبوون . لەکاتی تێکەڵاو بوون لەگەڵ ئاوازەکاندا نەیاندەزانی شەوە یان ڕۆژە، بەرز دەفڕین بۆ لوتکە خورافییەکان لەوێوە سەیری دونیایان دەکرد، لەسەرەوە هەموو گەردوونیان دەبینی.لیۆ زێڕین دەڵێت:دواتر هیچ کەس نازانێت غایەت لە مرۆڤ چییە، کە غایەت لە مرۆڤ خۆی ئاشکرا نەبێت، بۆ لە غایەتی مۆسیقا بپرسین؟ تۆ دەڵێتیت: مۆسیقا دەتوانێت چی بکات؟دەڵێتیت: بۆ ئێمە لەم جەنگەدا فێری مۆسیقا بین؟دەڵێتیت ئێمە سێ فلووت ژەنی بچوك چیین و بەرابەر ئەو هەموو هێزانە چیمان پێدەکرێت؟هەروەها دەڵێت:مامۆستایەکم هەبوو باوەڕی وابوو مۆسیقا دەتوانێت مردووەکان زیندوو بکاتەوە، دەیگووت: مۆسیقا هۆکارە بۆ زیندوو کردنەوەی مردوو هەروەها مۆسیقا تاکە دەنگە کە مردوو گوێی

لێدەبێت.مۆسیقا تەنها بۆ زیندوو نییە، ئەوەندی بۆ مردووە بۆ ڕووەکە بۆ پەلەوەرە، بۆ ئەمڕۆ و سبەی و دوارۆژە.بەهۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێران شوێنی مەشق کردنیان نزیك بووەوە لە مەیدانی شەڕ، بە ناچاری هەروەکو سەدان فیراری عەسکەری ڕوویان لە سنوورەکان کرد، لە ڕێگا دەگەیشتنە هەر ئاوێك لێو زێڕین پێی دەگووتن مەرج نییە دەنگی ئاو بکەنە مۆسیقا، گرنگ ئەوەیە ڕەنگی ئاوەکە بگۆڕن. موعجیزەی وایان بە مۆسیقا دروست دەکرد، یەکێك لە موعجیزەکان "نەمری"یە، مارشیان دروست دەکرد بۆ نەمریی. سەرهەنگ پێ بە پێ وا هەستی دەکرد لە شوێنی واقیعی بەرەو شوێنی دیکە دەچن، بەرەو تێکەڵاوبوون دەچوون لەگەڵ سیحری سروشتدا. شەوێکیان شێتانە مۆسیقایان لێدەدا، مانگ وەك دڕندەیەکی مەست بەسەر سەریانەوەبوو، ڕوناکییەکی دەبەخشی کە پێدەچوو زوڵمەتی گەردون بە دوایانەوە بێت، وەك کەوتبێتنە زەوییەکەوە نەسەر بە ڕۆژ بێت نە بە شەو دەنگی ئاوەکانی وەك هاواری فریشتە وەهابوو لە نێوان جۆگەو جۆبارەکانی بەهەشت. ئەو شوێنەی کە پێیدا تێدەپەڕین، مرۆڤ تا ئەو ساتەش پێی لەسەر دانەنا بوو، گیایەکان بۆنی باڕووتیان لێدەهات، ئەستێرەکانیش ڕێنماییان دەکردن لە ڕۆیشتندا، زۆر جار وەکو گوللە بەرەو زوڵمەت دەڕۆیشتن مرۆڤ سەرسام دەبێت کاتێك دیمەنێکی فانتازیی دەبینێت، سەرسامی و ڕاڕایی مەرجی فانتازیان، لەو شوێنە ئیسحاقی لێوزێڕین ڕایدەگەیەنێت، کە چیتر مۆسیقا ئەو دەنگە نییە کە لە یەکێك لە ئامێرەکانەوە دێتە دەرێ، بەڵکو مۆسیقا وەك سیحر و وزە ئەفسونبازێکی دی شێوەو ڕوخساری خۆی دەگۆڕی، مۆسیقا هەروەکو ڕۆح وایە کە دتوێتەوە دەبێتە جوانی، مۆسیقا فەرمانڕەوایە نەخشەی جیاوازی خۆی هەیە جیا لە دونیایەکانی تر.ئەو زەوییەی کە تیایدا بوون لەوەدڵنیا نەبوون کە ئایا مەستی مۆسیقا دروستی کردووە یان، یان بەشێکە لە نەخشەکانی خودا، یان شوێنێکی شەیتانییە، کە لە ئەنجامی گەیشتنی مۆسیقایە بە لوتکەی ئەفراندن. مۆزیك ژەنێك بۆ ئەوەی ببێتە مۆسیقار پێویست بگاتە زەمینی مۆسیقا، چۆن درەخت هەوا مانگ مۆسیقای خۆیان هەیە بە هەمان شێوە مۆسیقاش درەخت و هەواو مانگی خۆی هەیە، هەروەها سنووریش هەیە لە نێوان ئەفسوونی گوڵێك و ئەفسوونی مۆسیقادا.لە کاتی فریوی مۆسیقادا، کە مرۆڤ دەفڕەنێ بۆ ناو ئەو ئاوەی کە مرۆڤ ئاگای لە هاوڕێکەی نەبێت، بۆساتێك لەو جوانییە نقوم دەبوو، لاوازتر دەبوو لە ساتەکانی تر.لە کاتی عەزفکردندا ساتێکی سەیرە، ساتێك دەکەوێتە جەنگێك لە ناخی خۆیدا، لە نێوان دیوە ڕەهاکانی خۆی و دیوە بەرتەسکەکەی خۆیدا. لە کاتی ئەفڕاندندا بە تایبەتی لە جیهانی مۆسیقادا مرۆڤ مەستبوون و هۆشداری لێك جیاناکاتەوە، وەك ئەوەی مەست بوو بێت بە ماددەی ئەفیون.بۆ دەرباز بوون لەو میحنەتە خۆی دەخستە ناو دەریاچەیەکەوە، لەوێوە ئەفڕاندن دروست دەبێت، ئەو بەحرەی مۆسیقای تیادا دەژەند دەبووە یەکپارچە تیشك. لەناو ئاوەکەدا دوو هەرێمی گەورەو جیاوازی دەبنینی، یەکیان لە ڕووکەشەوە جوان بوو بەڵام لە ناوەوە وێران بوو.

سامیری بابلی لەدوای بڕیاری مردن فلووتەکەی نا بە سینگییەوە بە جەلادەتی گووت :بیرتە ئەم فلووتەت لە ڕۆحمدا بەجێهێشت، لێوم بەو فلووتەوە دەنا ئاوازی سیحراوی و سەیر دەهاتنە دەرێ، من تۆم ڕزگارکرد تۆش منت پاککردەوە. لە ڕووداوێکی تردا لە گفتوگۆی نێوان سامیری بابلی و دالیادا دەڵێت :دالیا بە منی گووت ئەوەی گوێ لە مۆسیقا بگرێت دەتوانێت گوێ لە پێغەمبەران نەگرێت، مۆسیقا فانتازیایە، سیحرە چونکە ئەوەی خودا دەیەوێت بە مرۆڤ بڵێت لە ناو مۆسیقادا هەیە، جەلادەت ئازارەکانی خۆی بۆ لێوزێڕین دەگێڕێتەوە، لەدوای لە خاچدان و مردن یەکسەر هاتووە بۆ لای لێوزێڕین، نازانێت زیندووە یان مردووە، هەروەها نازانێت چییە و دەبێت بەچی؟.جەلادەت لە کەسێك دەچوو، لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا لە ناو خەونێکی قووڵدا ونبووبێت، دواتر بە ڕێگاوبانی ئەو خەونەدا بچێتە ناو خەونێکی ترەوە، دیسان ونبێت و لەخەونێکی تردا خۆی بدۆزێتەوە، جەلادەت تەنها دەتوانێت ئاوازەکان ڕزگار بکات و کەسیش ئەو ناناسێت، هیچ کەس لەو مردووانە جیهانیان لە یاد نەچۆتەوە، بەڵام هەموویان تەنها لە ڕێگای مۆسیقاوە دەتوان لەگەڵ دونیادا بدوێن.

## ٢.٣ ڕووداوی فڕینی کەشتی و بەلەم:

لە ڕۆژانی دوایی شەڕی دووەمی کەنداودا، جەلادت وەك ئەوەی چووبێتە قۆناغێکی ترسناکی هەلوەسەوە و چاوەکانی هەر لە چاوی عەرافەکان دەچوو، لە هەوادا بەلەمی چکۆلەی دەبینی بەسەر سەریدا دەفڕین، کەشتی ئارام و گەورەی دەبینی بەسەر ماڵەکاندا دەڕۆیی، مرۆڤی خوێناوی و بێسەری دەبینی، بێباك لە شەقامەکاندا دەگەڕان، دونیای پێشکەوتوو لەم هەموو خوێنبارانەدا بەردەوام بوون لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. جەلادەت وەك ئەوەی لە دۆزەخ نزیك کەوتبێتەوە لە ترسی سۆزانییەکان ڕایدەکرد، پیانۆیەکەشی بە دوایەوە بوو وازی لێنەدەهێنا. جەلادەت بە دالیا دەڵێت :ئەمشەو مردن لەسەر من و تۆ دەوەستێت، چونکە من منداڵی موعجیزەم، دەستیان لە ناو دەستی یەك بوو بەناو ئاگردا ڕایاندەکرد، لێرەدا جەلادەت وەکو باپیرە گەورەی خۆی، داوا لە ئاگر دەکات کە ئاگر سارد بێتەوە و نەیان سووتێنێت! "قلنا يا نار كوني برداً وسلاماً على ابراهيم" (ئایەتی ٦٩، ل٣٢٧) نهێنی جەلادەت و دالیا لەناو گولـلە باراندا، دیسان جەلادەت پەنا بۆ ئەو ئایەتە دەبات کە حەزرەتی ئیبراهیم ناسووتێنێت، جەلادەت بە دالیا دەڵێت:ئێمە نامرین ئێمە دەگەینەوە کوردستان، دڵنیای دەکاتەوە کە نەخشەیەکی پێیە بۆ دەربازبوون بەڵام ئەمجارە دوای بێئومێد بوونی لە حیجاب و ڕێوشوێنی ئاینی ئیسلام، پەنا بۆ حەزرەتی عیسا و خاچەکەی دەبات، دواتر داوا لە خوای گەورە دەکات ڕزگاریان بکات. لە شەوی ئاگربارانداو لە کاتی ڕاکردن دالیا و جەلادەت کە تانك و زریپۆش بە دوایانەوەیە، خەڵکانێك دەبین بە پێخواس ناسراون هەڵدێن، خەڵکانێك بە ئاگرەوە دەفڕن، خەڵکانێك بە جبەکانیانەوە دەفڕن بەرەو ئاسمان، مەلاکانی حەوزە و مەزهەب تلدەبنەوە بێئەوەی مێزەرەکانیان بکەوێت، دواتر دەگەڕێنەوە شاری تەپوتۆزە زەردەکان، بەڵام جیا لەوەی پێشوو، هیچ چاودێرێك و جەلادێك نابین .

## ٣.٣ ڕووداوی لە ناو بیرنانی دالیا لەلایەن براکانییەوە لە شێوەی یوسف پێغەمبەر لە ڕۆژێکی بەفراویدا و سوڕانەوەی باڵندەکان بە دەوریدا:

دالیا سیراجەدین کچە شۆخەکەی شاری سلێمانی خوێندکاری بەشی ئەدەبیاتی ئینگلیزی زانکۆی بەغداد هەروەکو کچانی هاوتەمەنی خۆی حەز لە کوڕێکی بەغدایی دەوڵەمەند و ناسراو دەکات کە خوێندکاری ماستەری ئەدەبیاتی ئینگلیزی کۆنە، ناوی باسم وەلید ئەلجەزائیرییە بەیەکەوە لەزانکۆ دەخۆن و دەخۆنەوە و دەخەون، لای هەر خوێندکارێکی زانکۆ دەناسرێن، لە دوای ئەوەی ئەو بابەتە لەلایەن براکانیانەوە دەزاندرێت، کە خۆیان لە سلێمانییەوە دەچن بۆ زانکۆ بەغداد، هەموو شتێك لە نزیکەوە دەزان و بە بێ دەنگی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی دالیا دەکەن لە پشوی نیوە ساڵدا، کە دەگەڕێتەوە یەکسەر بێئەوەی دراوسێیەکانی بزان و دەم و دەستی دەبەستنەوە لە ناو گوشێکی دەنێن لە شار دەردەچن لەناو شاخان لە ڕۆژێکی بەفراویدا لە بیرێکی دەهاوێن و دەگەڕێنەوە بەبێ دەنگی، "دواجار کاروانێکی

قاچاغچیان کە لە بەفردا ڕێگا هەڵەدەکەن ڕێیان دەکەوێتە سەر ئەو بیرە و بەزەحمەتێکی زۆر دەریدەهێنە دەرەوە.ڕێکەوتێکی ئیلاهی ئەفسونێك زۆر جار خودا لەگەڵ مرۆڤدا دەیکات"(عەلی، ٢٠١٣، ١٢١) دالیا بەشێوەیەکی موعجیزەئاسا لەناو بیرەکەدا دەردەهێنرێت و ڕزگار دەبێت لە مردن. دالیا و پەیوەندی بە فریشتەکانەوە لە ڕووداوێکدا باس دەکات، لەتاریکیدا لەگەڵیان ڕۆیشتم بەدەوری خانووەکەدا پێچێکیان پێکردەوە، دالیایان بردە ژووری زەخیرەکەوە، لەوێوە ڕایانکێشا ژێرزەمینەکەوە، لەوێوە شتێك هەیە کە دالیا ناتوانێت بیگێڕێتەوە، وەك شەپۆلێکی سیحری فڕیم تا ئێرە ڕووداوەکە واقیعییە، بەڵام لە دوای چەند ڕۆژێك مانەوەی دالیا لەناو بیردا بەو سەرماو سۆڵە و بێ نان و خواردن و تێپەڕینی کۆمەڵێك قاچاغچی لە نزیك بیرەکە و دەرهێنانی و ڕزگار کردنی و کۆمەك کردنی بە جل و بەرگ و پارە و بەڕێکردنی دالیا واقیعی نییە بەڵکو ڕووداوێکی فانتازییە، ئەم ڕووداوە لە چیرۆکی حەزرەتی یوسف دەچێت، لە جۆری موعجیزەی مانەوە لەناو بیر و دەرهێنانی بە زیندوویی "قالوا یا آبانا انا ذهبنا نستبق وترکنا یوسف عند متاعنا فإکله الذئب"(الأیة ألسابعة عشر، ص ٢٣٧) هەر بەو شەوە دالیا لە ترسی براکانی نەوەکو جارێکی دیکە بیگرن و بیکوژنەوە، یەکسەر ڕێگای بەغدا دەگرێتەبەر، هەموو ڕووداوەکە بۆ باسم جەزائیری دەگێڕێتەوە، ئەویش دالیا لە زانکۆ دەردەهێنێ و لە شوێنێکی دوورە دەست و لاچەپ ئاکەنجی دەکات، لەدوای ماوەیەکی کەم ئۆتۆمبیلێکی جامرەش دێت و باسم وەلید ئەلجەزائیری دەبەن و بێ سەرو شوێنی دەکەن و دالیا سیراجەدین ڕۆژی ڕوناکی لێ تاریك دەبێت و لە خۆشەویستی باسم ڕوو لە زۆر شوێن دەکات و ئابرووی لە پێناو دۆزینەوەی دەبەخشێت، بەڵام بێ سوودە، دواتر لە لایەن سەمەر ساڵحەوە ڕەوانەی شاری سۆزانییەکانی دەکرێت و لەوێ وەك لەشفرۆشێك دەستبەکار دەبێت، بەڵام لە یەکەم ڕۆژەوە باڵندە سپییەکانی هاوڕێی دەبن و وەکو ڕۆحێکی غەمگین و غەدر لێکراو لەگەڵ باڵندە سپییەکانی لە چاوەڕوانی باسم وەلید ئەلجەزائیری دەبێت، یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوەی دالیا سیراجەدین لە شاری سۆزانییەکاندا باڵندە سپییەکانە کە بەردەوام بە چوارەدەورەیدا دەفڕن و ڕێی نیشان دەدەن و هەواڵی باسمی بۆ دەهێن و دەبەن و پاسەوانی دەکەن، دواتر لەگەڵ دکتۆر موسای بابەك و جەلادەتی کۆتر دەبنە پاسەوانی ئەو مۆزەخانەی کە موسای بابەك بونیادی ناوە کە تابلۆ شاری مۆسیقارە سپییەکانی تێدا هەڵگیراوە، کە هاواری سەدان هەزار مرۆڤی کوردی تیادا هەڵگیراوە لەسەردەمی کۆمەڵکوژیدا بۆ ئەوەی ئەو هاوارانە بە ڕای گشتی بگەیەنرێت بەر لە فەوتانی، تا وەکو ئەو تاوانە گەورەیە بەسەر دیکتاتۆری سەدەی بیستەمدا نەچێت. دالیا پێی وایە خەو نییە ڕاستییە ئەگەر چی لەسەرەوەی تێگەیشتن ماقووڵییە، تەنیا ئەو کەسانە هەستی پێدەکەن کە لە تاریکی و زوڵمەتدا شتەکان و بوونەوەرەکان دەبین، یەکێك لەوانە لە زوڵمەتدا باوەش بە باسم دا دەکات و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات پێدەکەنێ و دەگریێ، هەتا جارێکیان جەلادەتی کۆتر ئەو حاڵەتە بە چاوی خۆی لە ساڵۆنەکەدا دەبینێت، کە لە زوڵمەتدا دالیا و باسم باوەش بەیەك دەگرن و تێکەڵاوی یەك دەبن. دالیا بە پێی ئەوەی خۆی لە ناو زوڵمەت و بیاباندایە لە ڕێگای تارماییەکانەوە، زۆربەی شوێنەکان و گۆڕستانە شاراوەکانی بیابانە بێسنوورەکان و شاری تەپوتۆزی زەرددا شارەزایە، دالیا ئێواران لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە تەماشای بیابانە بێسنوورەکەو لم دەکات، دەنگی ماشێن و گوێی لە هاواری ئەو ڕۆحانەیە کە با دەیهێنێت، کە لە گەردەلوولدا دەلاوێنەوە، لە گۆڕە گەورەکاندا کە بە ئەندازەی گەرووی ئەم ئەستێرەیە وایە لە هاوارکردندا. لە هاوینی ساڵە شومەکەدا.لەو زەمانەدا لە هەندێ کێڵگەو ئاوەدانیدا چەندەها فریشتە بە باڵی ئاگرینەوە دەبینران، با لە هەندێك شوێندا بۆنی هەندێك ژەهری لە شارە دوورەکانەوە گێڕایەوە، بازاڕەکان پڕبوون لە میوەی ڕەش، بازاڕێك بۆ کۆمەڵ کوژی دروست بوو بە ئاشکراو بێشەرم لە جیهاندا، کوچەکان پڕبوون لە تارمایی، کە تخوبی ژیان و مردنیان لەیەك جیا "ئەفسەرەکە کە مولازمێکی ڕەشتاڵەی لاوازو چکۆلانەیە، پەنجە بۆ جێگایەکی نادیار درێژدەکات و دەڵێت:من شەوان لە نزیك ئەو شورا بەرزانە دەوەستم و بە کێبلێکی ئەستوورەوە ئەو ڕۆحانە دەردەکەم کە بەسەر دیوارەکاندا سەردەکەون و خۆیاندەکەن بە نێو ئەم سەردابەدا و فایلەکانی خۆیان دەدزن و دەیبەن بۆ جێگایەکی تر..بەڵام عەزیزی من..کۆڵنادەن."(عەلی، ٢٠١٣، ٢٩١ ).ئەفسەرەکە بێزاری خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر ڕۆحەکان کە لەسەر دیوارەوە بازدەدەن دێن بۆ ئەوەی فایلەکانیان بدزن و بۆ شوێنێکی تر ببەن، کۆڵیش نادەن، ئەو ئەفسەرە چیرۆکی جیهانێکی سەیر دەگێڕێتەوە، جیهانی جەنگێکی نهێنی خۆی لەگەڵ ئەو ڕۆحە غەمگین و بریندارانەدا، کوژراوەکان شەو دێن و دۆڵابەکان بەسەر یەکدا دەڕۆخێن و فایلەکان تێکەڵدەکەن، هەموو ڕۆژێك بەیانیان پاسەوانەکان دێن و لەو سەردابەدا فایلە تێکدراوەکان چاکدەکەنەوە، ڕەفەکان جارێکی تر پڕدەکەنەوە لە دۆسییە، دالیا دزینی فایلەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە خاوەن فایلەکان خوازیارن چۆنییەتی گیران و ئازاردان و مردنیان بزانرێ بە چ دەردێك لەناو چوون. هەندێکیان لەو قوربانیانە خوێندەوارییان بیرچۆتەوە و ئەلف و بێی ژیان لەگەڵ ئەلف و بێیەکی دیکەدا تێکەڵاو دەکەن کە ئەلف و بێی مەرگە.دالیا تێناگات ئاخۆ ئەو خۆی یەکێکە لەو مردووانە و بە ڕێگایەکی پێچاوپێچدا گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ژێرزەمینە یاخود زیندووە و دەژی و بەڕاست هەوای سەر زەمین هەڵدەمژێت.لەو ژێر زەمینەدا بەردەوام دەپرسێت فاسیلەی نێوان ژیان و مردن چییە؟.دالیا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە باسم بدۆزێتەوە، ئەگەرچی هەموو ئان و ساتێك لە دڵ و دەروونیدایە، لە هەست و نەستیدایە، تارماییەکانیش ڕێنیشاندەر و لەگەڵیدان. فایلی کچێکی هاوڕێی دەدۆزێتەوە کە لە کۆلێژی ئاداب فەرەنسی دەیخوێند، بەرنامەی ڕۆژانی ئەشکەنجەو شەوانی نەخەوتنی دەخوێنێتەوە، ناوی ئەو جەلادانە دەخوێنێتەوە کە ئیشیان تەنیا ئەتککردن و لاقەکردنی ئەو بووە، فایلی شۆفێرێك دەدۆزێتەوە شەوێکی درەنگ لە پرتەقاڵی سپییەوە بردبووی بۆ گەراجی شارێکی دوور، دواجار لە ناو دۆڵابێکی کۆندا دۆسییەی"فەخرەدین سیراجەدین عەبدوڵا"دەدۆزێتەوە. لە ئێوارەی شەشەمین ڕۆژدا تارمایی کچێکی چکۆلانە کە هەمیشە بە ماکسییەکی ئەرخەوانی تۆخەوە ناو فایلەکان دەگەڕێت، فایلێکی گەورە دێنێت و دەیخاتە بەرپێی دالیاو دەڕوات، بە خەتێکی جوان نوسراوە"المتهم باسم ولید صبحي الجزائري"، "حکم علیه بالموت وعلی الجهات المسؤلة تنفیذ الحکم"، دەموچاوی دەشوات، مەکیاجێکی تەواودەکات، دەچێتەوە سەرێ، دالیا لە ڕق و توڕەیی دەچێتە ژووری ئەفسەرەکە..بۆ دواهەمین جار لەگەڵ دواهەمین پیاودا دەخەوێت و دەگەڕێتەوە بۆ باکوورو بۆ ئەوەی خۆی بخاتەوە ناو هەمان ئەو بیرەی چەند ساڵ لەوەوبەر براکانی فڕێیاندابووە ناوی، دالیا لەگەڵ بیستنی هەواڵی فەرمانی لە سێدارەدانی باسم جەزائیری بڕیاردەدات بگەڕێتەوە هەمان چاڵ کە برایەکانی خستبوویانە ناوی، لێرەدا گەڕانەوە بۆ هەمان بیر ئەو جۆرە ڕووداوە بازنەییە دەردەخات کە بە ڕووداوێك دەست پێ دەکات بە هەمان ڕووداو کۆتایی دێت. لەلایەکی دیکەش نەیدەویست جەلادەت جێبهێڵێت، دەیزانی ئەو شەوە سەیرانەی پێکەوە لە قەراغی بیابان تەماشای کەرنەڤاڵەکانی مردنیان دەکرد، ئەو لە مێژبوو هەستیدەکرد کە لە خوێندا مەلەدەکات، دەیویست تا لەو خوێنە دەپەڕنەوە دەستی جەلادەت بەرنەدات کە لەناو خوێن و کوشتن و مەترسیدان. دالیا هەستیدەکرد لە نێو

دڵیدا، لە جەستەیدا نهێنییەك هەیە دەبێت پێش مردن بیدات بە جەلادەت، لەو ساتەوەی لەو سەردابەوە هاتبووە دەرێ، دەنگی ئەو مردووانە هەمووی بەدوایەوەن. هەستیدەکرد ئەو ڕۆحانەی لە سەردابەکەدا ناسیبوونی و ببوون بە هاوڕێی، لەو ماشێنەدا لەگەڵیدا سواربوون، لەدەرەوەی ماشێنەکە و دەستی بۆ بەرزدەکەنەوە، فایلەکانی خۆیانی نیشاندەدەن، دەیویست نەیانبینێت بەڵام هەر دەیبینین.دووبارەبوونەوەکان لە ئەنجامی وڕێنە و هەلوەسەوە بوو، پەنا بۆ خوای گەورە دەبات، ئەم هەموو دووبارە بوونەوەیە لە لم و گۆرانییەکان لە پرتەقاڵی سپی، دووبارەبوونەوەی موشتەرییەکان، وەك یەکی جەلادەکان و قوربانییەکان، توشی وڕێنە ببوولە ساتە وەختی هاتنی جەلادەت بۆ شاری تەپوتۆزە زەردەکان زۆر شارەزا نەبوو لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد، تەنیا لەگەڵ خەونەکانی قسەی دەکرد.دالیا قێزی لە بۆنی بنباخەڵی ئەفسەر و سەربازەکان دەهاتەوە کە بە خوێنی جەنگ و عارەقی سەنگەرەکانی شەڕەوە دەیانهێنا بۆ ناو ژوورەکانی پرتەقاڵی سپی.ساڵوەختێك بوو موسای بابەك پێیدەگووت وەرە کۆمەکی من بکە، لەگەڵ مندا دەرزی لێبدە، بەڵام دالیا هەمیشە لەدوای سێبەرو تارمایی ئەو کوڕەبوو باسم تا مردن هیوای بەو بوو، تا مردن، بەڵام نەیتوانی هیچ بکات، هەر دەبێت چاوەڕوان بێت تا ڕۆژێك لەسەر زەمینێکی تر و لە دونیایەکی تر لەگەڵ باسمدا یەك دەبینەوە. ئەو ڕۆژەی کە دالیا فایلەکەی باسمی دۆزییەوە، بە ڕۆژێکی سەیر دەهاتە بەرچاوی جەلادەت لە باڵکۆنەکەدا سەیری ئەو پەپولانەی دەکرد، لە ڕووداوێکی فانتازیدا کە لە هەوادا دروست دەبوون و دەتوانەوە.دالیا باس لە دوو سەفەر دەکات بۆ جەلادەت، یەکیان لە واقیع و بە ئاگاییەوە، ئەویتریان لە دونیای بێئاگایی و خەیاڵیدا، ئەو ڕۆژە دالیا بێوچان قسەی دەکرد، سەمای دەکرد، پێدەکەنی دەگریا، حیکایەتەکانی ئەو ژێر زەمینەی دەگێڕایەوە، چیرۆکی ئەو کوژراوانەی بە دوای حیکایەتی مردنی خۆیاندا گەڕابوونەوە بۆ ژیان، ئەو پیاوە پیرەی لە سوچێکدا دۆسییەی هەموو کوڕەکانی یەك لە دوای یەك دەدۆزییەوە، پەنجەت بۆ هەر پەڕەیەکی دەبرد وەك جەستەیەکی بریندار دەیقیژاند و ڕادەچڵەکی، دالیا بە هۆی جوانییەکەی و وێڵبوونی بە دوای باسمدا، وایلێکردبوو ببێت بە خاوەنی فانتازیایەکی ڕەش، بەڵام لە هەمانکاتدا دالیا بە هۆی سەفەرە پاڵەوانییە ئەفسانەییەکەیەوە، کە سەختترە لەسەفەری گریکەکان، تیایدا دەچێتە ناو وردەکاری و نهێنی ئەو دەزگایە جەهەنەمییەی کە بە شێوەیەکی سەیر وڵات بەڕێوەدەبات.کە جەنگ کۆتایی هات، چەندین هەفتەبوو دالیا لای موسای بابەك کاریدەکرد سەربازە مردووەکان لەخاکی یەکتردا هەڵدەستانەوە، قەیتانی پۆستاڵەکانیان دەبەست و کڵاوە سەربازییەکانیان دەکردە سەر، تەپوتۆزی مردنیان دەسڕییەوە و ڕوویان وەردەگێڕاو دەگەڕانەوە بۆ نیشتمان، لە ڕێگا مردووەکانی هەردوولا بەرەو ڕووی یەك دەهاتن و سڵاویان لە یەك دەکرد و بە هێمنی بەلای یەکدا تێدەپەڕین وەکو ئەوەی بزان تەنها هۆکارەکانیان دوژمنی بابە کوشتەی یەکترن بەڵام شەپۆل لەدوای شەپۆل دەهاتن و تێکەڵ بە ژیان دەبوونەوە، تەنها ئەوانەش دەیانبینین کە دەیانتوانی ناو جەرگەی تاریکی ببین.ژمارەیان هێند زۆربوو، جیاکردنەوەو هەڵاوێردکردنیان کارێکی نەکردەبوو.هەموو بەر لەوەی بگەنە قاپی ماڵەوە دەیانزانی نابێت لەدەرگا بدەن، نابێت کەس بەئاگا بهێنەوە، نابێت هیچ شتێك بجولێن.دەیانتوانی بوەستن سەیری قاپی کۆنی دەرگاکانی ماڵ بکەن، سەرکەونە سەر سەربان و لەوێوە لە حەوشە کۆن و غەمبارەکانی منداڵیان بڕوان، سەربازە ونەکان و بێسەرو شوێنەکان، تەنها وەکو ڕۆحێك کە دەگەڕانەوە نیشتمان نەیان دەتوانی ڕاستەوخۆ ڕووبە ڕووی کەس و کاریان ببنەوە .

## **٤.٣ ڕووداوی نیشتنەوەی سامیری بابلی لەسەر لقەدارێکی زۆر بارێك لە باغی پرتەقاڵی سپیدا:**

سامیری بابلی ئەو پیاوەی تەنها بۆ جەلادەت ڕێگا پێدرابوو سەیری نێو چاوانی بکات، کە کۆمەڵێك ئەسپ لە خەیاڵیدا غاردەدەن کە جەلادەت لە چاوانیدا دەیانبینی، چاویش تەنها دەروازەیەکە بۆ ڕۆح، بابلی ڕۆژێك جەلادەتی بەرەو ڕۆحی خۆی برد، کەچی جەلادەت گەشتە سەیرەکەی خۆی جارێ بۆ باس ناکات. سامیری بابلی دەستی بە خوێنی دەیان قوربانی و ئەنفالکراو سوور بوو، لە هەمان کاتدا جەلادەتی لەمردن ڕزگارکردبوو، تا ئەو کاتە جەلادەت بۆی ڕوون نەببووەوە کە بابلی پیاوێکی چاکە یان خراپە، ئەو پرسیارە بێ وەڵام بوو تا کاتی دادگایی کردنەکەی، پرتەقاڵی سپی شارێك بوو نغرۆ بوو لەسەرابدا، تا جێگایەك وێنەکان و ڕاستی دەبن بە یەك، هەر هەوڵێکیش بۆ گەڕانەوە بێت بۆ ئەسڵی شارەکە وەکو گەڕانەوەی بارانە دووبارە بۆ ئاسمان، چونکە هەموو شتێك لەو شارەدا، تا دەگاتە ئەوێ ئاساییە، بەڵام دواتر، دەبێتە شتێکی نائاسایی. جەلادەتی کۆتر ڕاستگۆیانە دەڵێت: سامیری بابلی بیروبۆچوونی منی لەسەر زمانی عەرەبی گۆڕی، وەك چۆن پێشتر ئیسحاقی لێوزێڕین بۆچوونی منی لەسەر زمانی کوردی گۆڕیبوو، جەلادەت ڕای لەسەر سوپاو نەتەوەو زمانی عەرەبی باش نەبوو، بەڵام کە چیرۆکی خۆی و هەڵوێستی نەقیب سامیری بابلی دەزانێت لە کودەتا کردن بەسەر سەرۆکی دیکتاتۆر ڕای دەگۆڕێت. حیکایەتەکانی سەردەمی زوڵمەت و تاریکی ئەوەندە زۆر بوون هەموو شەوێك تەنها چیرۆکێك تەواو نەدەبوو وەکو هەزارو یەکشەوەی شەهرەزادی جوانکیلە و شەهرەیاری پاشا وا بوو، دەیان فانتازیا و سیحر و فریشتەو جنۆکەو تارمایی و دۆزەخ و بەهەشتی تێدا بوو.سامیری بابلی لە ڕابردووی خۆی دەدوێ، کە جەنگەڵ و چیاو زۆنگاوە ترسناکەکانی بینیوە، هەموو ئەو جێگایانەی بینیوە کە بەدەگمەن مرۆڤ بە زیندوویی لەوێوە گەڕاوەتەوە، سامیری بابلی دایکی خۆی نەبینیوە، زۆربەی ژیانی لەناو باغی خورماو مێرگ و بێستانە بێکۆتاییە پرتەقاڵییە خەیاڵییەکان بردۆتە سەر، بۆنی پرتەقاڵ بۆ بابلی باش و زیان بەخش بووە هەروەکو چۆن بۆ قوربانییەکانیش وابوو.بابلی دەیگووت: بەدەستی ئێمەبوو، میللەت پرتەقاڵ بخوات یان نەخوات، هیچ حکومەتێك نەیتوانی لە دەسەڵاتی باوکم کەمبکاتەوە باوکم پیاوێك بوو لە هەر جێگایەك بیزانیبایە هەژارێك هەیە، کۆمەکی بۆ دەنارد، لە بن خەیمە ئەفسانەییەکانی ئەودا وەزیرەکان دادەنران و لادەبران، خۆی بە عەبا سپییەکەیەوە دەچووە ناوەڕاستی ئاگرو شەڕی خوێناوی خێڵە عەرەبەکانی دەکوژاندەوە، لە کاتی شەڕی باکووردا، چەندەها جار چوو بۆ بینینی سەرکردە ئەفسانەییەکانی شۆڕش، جارێك لە ئەشکەوتێکی دووری ناو شاخەکاندا سەرۆکەکانی کوردی بینی بوو، بەڵام لەو سەر لە بری ئاشتی، کیسەیەك توتن و سبیلێکی بەدیاری هێنایەوە، ئەو ڕۆژەی کە باوکم لە باکوور گەڕایەوە، تا هەفتەیەك نەهاتەدەرێ، من تەنیا کەسێك بووم دەمتوانی بچمەلای، بەردەوام لە ژوورەکەی خۆیدا دەگریاو دەیگووت:سامیر ئەگەر کوردو عەرەب ڕێنەکەون، ژیانی هەموومان دەبێتە جەهەنەم، بەتایبەتی ژیانی تۆ، باوکی سامیر کە پیاوێکی دەستڕۆیشتووی دەوڵەمەندی خێرەومەند بوو، بریگرتەی تەڕە و پرتەقاڵ و میوەی سوپای عێراقی دابیندەکرد، لەسەردەمی شۆڕشەکانی کوردستان دەچێتە لای سەرکردەکان بۆ ناو بژی لە گەڕانەوەیدا بێئومێد دەبێت و ڕۆژە خۆشەکانی کۆتایی دێت. لە "ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان " لە ل :٢٢ نوسراوە " زوهەیر بابلی"لە ل.٢٢٢ دانوسراوە" زوهێری بابلی " . کاتێك کە لە باغەکە زوهێری بابلیدا لەگەڵ هەر یازدە براکەیدا دەژیان مۆتەکەی بۆدەهات، مردووی خەیاڵیی کۆمەڵێك

سەگی وێڵگەر بەدوایەوە بوون، لەترسی کابوسەکان لە ڕووداوێکی فانتازیدا دەچێتە سەر لقێکی باریك دار پرتەقاڵێك کە چۆلەکەش ڕاناگرێت، وەرزگەلێکی درێژ لەسەر درەختە پرتەقاڵەکەدا دەژیا، تاکە شوێن بوو کە خۆی لە سەگەکان وندەکرد، هەر لەسەر ئەو لقەدارە بۆ هەتا هەتایێ بۆنی پرتەقاڵ دەگرێت، ناوبانگ بە پرتەقاڵەوە دروست دەکات، هەتا لەسەر لقی دارەکە دێتە خوارەوە سێ برای لەشەردا دەکوژرێن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکی فانتازییە.هەر لەو شەوانەدا باوکی"زوهێری بابلی"لە ناو باغەکەدا بە دوای دەکەوێت پێیدەگووت سامیری کوڕم ئەو سەگانە تەنها لە سەری خۆتدا هەن، تەنها سەگی خەیاڵی خۆتن، تۆ نابێ لە جانەوەرەکانی ناو خۆت ڕابکەی، لەو سەردەمانەی کە سامیری بابلی لە تاوانەکانی ئەو کارەساتە نەگلابوو، بەردەوام رژێم لە ڕێگای جەلادەکانی خۆیانەوە تینیان بۆ دەهێنا بۆ ئەوەی بەچۆکی دابدەن بیکەن بە چلکاوخۆری خۆیان، بەڵام باوکی سامیر کە زوهێری بابلییە، هەر لە بەخشین و چاکە و پیاوەتی خۆی هەر بەردەوام بوو، هەموو ئەو مەشق و ڕاهێنانەی کە پێی دەکرا یان لە کاتی چاودێری کردنیدا دەیان ئاکار و ڕەوشتی جیا جیایان فێر دەکرد، یان خۆی لە ژینگەیەکی وا پەروەردە بوو بوو، هەموو ئەو شتانەی دەزانی.باس لە بوونەوەرێك دەکات کە سەگە لە بەرامبەردا کەسیێتیی وا لە ناو فەرمانگەکانی فەرمانبەرانی حکومەتدا بوونیان هەبوو. لێرەدا لەکاتی ڕاکردنەکەدا بەناو دەیان شوێنی فانتازی و خەیاڵیدا تێپەڕ دەبێت و چەندین بوونەوەری فانتازی بەدی دەکات، لەکاتی ڕەوکردن و کۆمەڵکوژیدا، سەگەکان واتا پیاوانی ڕژێم، یان مرۆڤخۆرەکان، نێچیری ئادەمییان دەخوارد.سامیری بابلی دەگێڕێتەوە، دەڵێت:شەوێك لە شەوان لە شەقامێکدا پیاسەم دەکرد، لەسەر سوچی کۆڵانێکدا بیست و یەك زمان بەزمانی کوردی هاواریان دەکرد پرتەقاڵی بابلی مەڕۆ، بیست و یەك زمانی بڕدراو لە ناویدا سەمایاندەکرد، منیان بە کوچەکانی ئەو شارەدا ڕاونا، قەپاڵیان لێدەگرتم، دەیانقیژاند بە گوێچکەمدا، گازیان لەدەستم دەگرت، ماوەیەکی درێژ ژیانم بوو بە دۆزەخ.شەوێك بابلی دەچێتە لای مردوو نێژەکە، کە لاشەی کوردەکانی دەشاردەوە، پیاوێکی سەیر بوو، پێی گووتبوو دەتوانێت ئەو زمانانە بە خاوەنەکانیان بداتەوە، کابرای مردوو نێژ زۆر بەزەیی بە سامیر هاتەوە، پێی دەڵێت :ئەگەر ئەو زمانانە نەدەیەوە بە خاوەنەکانیان تا قیامەت ئاسوودە نابێت، هەروەها پێی گووتووە دڕندەی وەك تۆ هەرگیز ئاسوودە نابێت، هەروەها ئامۆژگاری سامیری بابلی دەکات کە تۆزێك بیێتەوە بە مرۆڤ وەکو وەحش هەڵس و کەوت نەکات، ئەو کوردانە کەسی بێ زمان و بێدەسەڵاتن دەم و دەستیان بەستراوەیە و ناتوان هیچ بکەن. دەسەڵاتی لەو شەوەدا شکا کە نەیتوانی شوێنی لێدانی ئەو فلووتە غەمگینە دەستنیشان بکات.دەنگی فلووتە غەمگینە وەسوەسەیەکی سامناکی لە دەروونی سامیردا دروست کردبوو، پێی وابوو ئەگەر بێدەنگی نەکات شەڕەف و ناموسی لەدەست دەدات."بە دەیەها کلاشینکۆف و دیکتاریۆف تەقەماندەکرد، بەڵام ئەو مۆسیقایە بەردەوام لە ژێرەوە دەهات، هەستمدەکرد گوللــــەکانی من هیچ نابڕن، بەڵام ئەو مۆسیقایە قووڵ تا هەناوی من نەشتەری خۆی دەبات."(عەلی، ٢٠١٣، ٢٣٥). گوللـە و تەقەمەنی بە مۆسیقایەکە نەدەگەیشت، مۆسیقایەکە کاریگەری خۆی لە ناو ناخی بابلیدا دەکرد و توشی سەرسامی و ڕاڕایی و شپرزەیی دەکرد.ئەو مۆسیقا فانتازییایە ڕوو بەڕووی گشت هێزو جەبەڕوتی دەوڵەت دەبووەوە، کاریگەری ڕۆحی هەبوو ناچاری دەکردی کە بێدەنگ بی و پێچی بە گەورەترین هێزدەکرد و ناچاری دەکرد گوێی بۆ ڕادێرێ، ئەوانیش بە بلدۆزەر و گشت چەکەکان نەیاندەتوانی بنە هەڕەشە بۆی سامیری بابلی بە هەموو هێزو توانای تەرخان دەکرد بۆ تەختکردنی خانووەکان و باڵەخانەکان و هەڵواسینی خەڵك، نەیدەتوانی شوێنی ئەو فلووت لێدانە دەست نیشان بکات، کە پێی وابوو لە غەیبەوە دێت. بۆ یەکەم جاری بوو کە نەقیب سامیری بابلی بە ڕاستی گوێ لە مۆسیقا بگرێت و دڵی دەستەمۆ ببێت.جەلادەتی کۆتر بە خۆی و فلووتەکەیەوە بە جلێکی سپی سپی لە ئێوارەیەکدا هاتەدەرێ و بە سامیری بابلی گووت هەرکەسێك بم من لە شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە بە تەنها هاتووم بۆ ئەوەی گوێ لەم مۆسیقایە بگریت. سامیر بابلی شکستی خۆی لەو شەڕەدا ڕادەگەیەنێت و تەسلیم دەبێت و دەڵێت: مۆسیقا ڕۆحی لێ پاك کردمەوە لە تەپو تۆزی و خوێنڕێژیی چەندین ساڵە، مۆسیقا ئەو فانتازییایەیە کە دڕندەترین مرۆڤ کە هاوڕێی دیکتاتۆری ئەو سەردەمە و ئەفسەری دلاوەری فەیلەقی چوار بوو تەختکەری سەدان گوندی کوردستان و بکوژی سەدان کەسی بێگوناه لەبەردەم مۆسیقای جەلادەتی کۆتر چۆك دادەتات و ڕۆحی پێچ دەکاتەوە بۆ لای خاوەن حەق، پارچە مۆسیقایەکی فانتازی، بە دەربڕین وشەو واتا هیچی نەدەگووت بەڵام جوانی و شیرینی ژیانی ئاشکرا دەکرد، ناخی سامیری ڕوناك دەکردەوە، پەلکێشی دەکرد بەرەو دارستانێکی خەیاڵی، لەوێوە بەرەو کەناری زەریاچەیەك، تاوەکو خۆی بە ئاوی کەنارەکە لە هەموو تاوان و کارە قێزەونەکانی پاك بکاتەوە، تا وای لێهات ئەو مرۆڤە دیل و خەوتووەی ناو خۆی بە ئاگا بهێنێتەوە، لەو خەوە قووڵەدا ڕاچڵەکێ و بیێتەوە بە مرۆڤ. جەلادەت دەستی سامیری بابلی دەگرت و تکای لێدەکرد، بەردەوامبێت، جەلادەت دەیتوانی چەندەها سەعاتی تر دانیشێت و گوێی لێبگرێت، بەڵام سامیری بابلی گووتی:ئەی منداڵی نەجیب بخەوە، تۆزێکی تر کەڵەشێری بەیان دەخوێنێت و نەسیمی سوبح هەڵدەکات، تۆزێکی تر لاولاو دەگەشێتەوە و شەونم بۆ مردن ئامادە دەبێت.بەر لەوەی عەندەلیبی بەیان بێتەزمان بخەوە، تۆ سبەی کارت زۆرەو کەمێك پشووبدە، شاری مۆسیقارە سپییەکان و شاری تەپوتۆزی سۆزانییەکان، بۆ جەلادەت تەلیسمی نهێنی یەك لە دوای یەك توشی دەهات، لەوەش دڵنیا بوو کە بابلی نهێنی زیاتری لەلایە، دەتوانێت ببێتە هاوکارێکی باش بۆ لێکگرێدانی نیشانەو ڕەمزەکانی بۆ ئەوەی مافی مرۆڤە غەمگینەکان نەفەوتێت کە ئەوان شاهێدی راستەقینەی ئەو ڕووداوانەن . جەلادەت بە بابلی دەڵێت: سامیری بابلی، تۆ چی لەسەر شاری مۆسیقارە سپییەکان دەزانیت؟...گووتی دەزانم دەتەوێت لە ئێستاوە هەموو چیرۆکەکە بزانیت، منیش وەکو تۆ وەهام، منیش زۆرجار بێسەبر و بێبڕوام، حەزدەکەم هەموو شتێك بزانم بەڵام گەر مرۆڤ پەلە نەکات، ژیان خۆی لەهەر هێزێکی تر جوانتر شتەکان تەفسیردەکات، هەرگیز هێزی تەفسیریکردنی ئینسان لە ئاستی هێزی تەفسیکردنی ژیاندا نییە لە ڕاستیدا گەورەترین حیکایەتخوان ژیان خۆیەتی."ئەی منداڵی نەجیب، ئەو کوڕە مۆسیقارە هیچی پێنەگووتم، بەڵام زۆر شەو، لە زۆر جێگادا، من مۆسیقاکەیم بیستەوە.وەك ڕۆحێکی گەڕۆك وابوو...ئەو شەوە بڕیارمدا تاماوم ..هیچ مرۆڤێك نەکوژم، لەو شەوەوە بڕیارمدا ئازاری باڵندەیەك نەدەم، بەڵام درۆمکردو نەمتوانی" (عەلی، ٢٠١٣، ٢٤٠) . مۆسیقای ئەو کوڕە وەك ڕۆحێکی گەڕۆك وابوو بۆ سامیری بابلی، وایلێدەکات بێزار و شپرزەی دەکات و چۆکی پێدادەنێت و بڕیار بدات واز لە پیاوکوشتن بهێنێت، گوێگرێت لە فلووت و مۆسیقای فانتازی، تا وای لێدەکات هەموو بیروباوەڕی سامیری بابلی بگۆڕێت، لە کەسێتییەکی دڕندەی مرۆڤ خۆرەوە بگۆڕێت بۆ کەسێك لە جیهانێکی دیکەدا، بەرگری لە خەڵکی بێدیفاع بکات.سامیر بە جەلادەت دەڵێت: ئەوەی تۆی ڕزگارکرد ئەو ئاوازە ئاسمانییەی خۆت بوو، کە بە یەکجارو بۆ هەتا هەتایە منی گۆڕی، ئێستا ئەوەتام لە بەردەستتدا، ئەی منداڵی نەجیب، من لەبەر دەستی تۆدام و دەتوانیت

بمکوژیت، تۆم هەڵگرت و بە هەموو بیاباندا هاتم، شەوەکەی گەردەلوولێکی لم هەڵیکرد، دڵنیابووم تۆ مردویت، بەڵام نەمدەویست داتبنێم، بەردەوام لەسەرمدا ئەو ئاوازە دووبارە دەبووەوە، هەستمدەکرد یەکەمجارە لە ژیانمدا ئیشێك دەکەم بۆنی ئەوەی لێدێت کە منیش مرۆڤم، پێشتر لە هەموو تەمەنمدا تەنیا ژان و بەدبەختم بڵاوکردبووەوە، تۆ مردبوویت، بەڵام دەمزانی دەشێت بژیت و زیندووبکرێیتەوە، سامیری بابلی لەدوای ئەوەی مۆسیقا فانتازییەکە دێتە بەر گوێی، جەلادەت بە مردوویی دەداتە کۆڵی، وا هەست دەکات دەژێیتەوە، جەلادەت کاتێك تۆ خوێنت لێدەڕۆیشت، ڕەشەبا خوێنەکەتی بە سەحرادا دەبرد سامیر بابلی دەڵێت :کە ئاوڕم دەدایەوە دەزوویەکی باریکم دەبینی، وەك خەتێکی باریك و نهێنی و سەیر تۆی بە شتێك دەبەستەوە دەکەوتە ئەودیو دونیایەوە، بێئەوەی دالیا بانگ بکەین خۆی و فریشتەکانی ئامادە بوون. دالیا دەستیکردە پێکەنین، گووتی:چی دەکەیت بیکە، تۆ هەمیشە دڵی منیت.. من نەمدەزانی چیبکەم، ئەو شەوە دوای ئەوەی سامیری بابلی پێیگووتم:جەلادەتی کۆتر بنو، تۆزێکی دی کەڵەشێری بەیان دەخوێنێت، عەندەلیبە زامدارەکانی تاریکی دەچنەوە هێلانەکانیان، هەموو شتێکم بیرکەوتەوە من پێغەمبەر بووم، سووك و سادە لە قووڵایی یادەوەریی خۆمدا ئەو بەڵگە گەورەیەم دەدۆزییەوە کە من پێغەمبەرم، ئەو یادگارییەساڵەهای ساڵ بوو لە یادەوەریمدا خەوتبوو، بەڵام نەمردبوو، شتێك هەڵیگرتبوو بۆ ئەمشەو.

سامیری بابلی پاش ئیستێك، بۆچوونی جەلادەت وەردەگرێت، ئایا بابلی بۆ جەهەنەم دەبەن یان بۆ بەهەشت؟ لەوەڵامدا جەلادەت دەگریت، لەوەڵامدا بابلی بە جەلادەت دەڵێت: تۆ بۆ مردنی شەیتانیش هەر دەگریت، بەڵام سامیری بابلی بە پێی کردەوەکانی دەزانێت دەچێت بۆ کوێ، خۆی لە تێکستێکدا دەڵێت: دەبم بە دوو بەشەوە بەشێکم دەچێت بۆ گەرمترین شوێنی جەهەنەم بەشێکیشم دەچێت بۆ بەهەشت. لە کاتی گەیاندنی جەلادەت بۆ شاری سۆزانییەکان، هەر دەبوورایەوە دالیا بە ئاگای دەهێنایەوە، لەوماوەی بوورانەویدا هەستی دەکرد یەکێك لە دوورەوە بانگی دەکات، بەڵام کە بابلی سەری بەرزدەکردەوەو هیچی نەدەبینی، زۆر شەو جەلادەت هەستیدەکرد کە گوێی لە مۆسیقایەکی شارۆخی شارۆخە لەو وڕێنەیەدا لەمردن زیندووی دەکردەوە، هەروەها لە نێوان مانگی ئاب و ئەیلول بوو، دوای زیندانی بوونی، لەشێکی کەنەفت ولاواز لە هەر کاتێك زیاتر ئامادە بوو بۆ مردن، کاتێك کە دەگەڕایەوە بۆ ئۆردوگا کۆنەکەی ئاوارەکان شەوێك لە ڕووداوێکی فانتازیدا سامیری بابلی لەبەرچاوی جەلادەت دەفڕێت بۆ ئاسمان، شارۆخی شارۆخ خۆی بە یاریدەدەری جەلادەت دادەنێت، بەڵام لێرەوە سنوری هاوەڵبوونی شارۆخی شارۆخ کۆتایی دێت، ئیترمامۆستاکان خۆیان لەگەڵ قەقنەسەکاندا دەگەڕێن، شارۆخی شارۆخ لێرە تا ڕۆژی گەڕانەوەی بە دەم فلووت لێدانەوە چاوەڕێی جەلادەت دەکات، ئیسحاقی لێو زێڕین هەر وەکو لەکاتی دەستگیرکردنیان پەیمان بە هەردوو خوێندکارەکانی دابوو، جارێکی دیکە خۆشحاڵ دەبێت کە جەلادەت دەتبینێتەوە، دەیزانی چەند ساڵ بڕوات، چەند دیوار لە نێوانیاندا بێت، چەند شارو چەند زەمین لە یەکتریان دووربخاتەوە جارێکی دیکە دووبارە یەکتر دەبیننەوە، جەلادەت باوەشی بە مامۆستاکەیدا دەکات.جەلادەت هەروەکو جاران خۆی بە سوختەی لێوزێڕین دەزانێت بە شەرمەزارییەوە پێی دەڵێت:من لە شاری تەپوتۆزە زەردەکاندا بە ناچاری هەوڵی لەبیربردنەوەی مۆسیقا دا لەناو خۆمدا، کە لێوزێڕین فێرتکردبوو، هەروەها جەلادەت مامۆستایەکەی و سەرهەنگ قاسم بەردەوام لە کاتی نغرۆبوون و خەراباتی پرتەقاڵی سپییدا دەبینی، بەڵام جەلادەت لە ژیانیدا دەتوانێت شانازی و جورئەتی ئەوە بکات کە ئەوەی هەردووکیانی کوشت کە سامیری بابلییە هەرگیز لێی نەبووری. ئەم دادگایەی کە جەلادەت بۆ سامیری بابلی داناوە تەنیا بۆ وەرگرتنەوەی مافی لێوزێڕین و سەرهەنگ نییە، یان تەنیا بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەوان نییە، بەڵکو بەشێکی گرنگی سەفەری سامیری بابلییشە بەدوای پاکبوونەوەی خۆیدا. حەلیم شێواز لە دادگایی کردنی بابلیدا ڕایەکی دیکەی هەیە، یەکە بە یەکە قەناعەت بە قوربانییەکان دەهێنێت، بە ئەردەڵانی گەرمیانی دەڵێت :ویستی کچەکەت بکوژێت ئەوە ڕۆحی کچەکەت لەگەڵماندایە خۆشی دەبینێت، هەروەها بە خالق مەحمود دەڵێت: ویستی تۆ لەگەڵ هیچ کچێکدا نەخەویت، تۆ بە فانتازیاکانت بە خەیاڵت لەگەڵ هەموو حۆرییەکانی ئاودا دەخەویت. لە نزیك یەکێك لە دەروازەکانی ئۆقیانوسی هاوارەوە لە ڕووداوێکی فانتازییدا پێنج کەس لە کۆی نۆکەسدا بڕیاری کوشتنی سامیری بابلیاندا، چوار کەسیش بڕیاری بەخشینیاندا، جەلادەت ئەوشەوە دەمەو بەیان حەزی نەدەکرد هیچ کەسێك بمرێت، بەڵام سامیری بابلی دێتە دەنگ و بە جەلادەت دەڵێت: نا ئەمشەو هەر دەبێت بمرێت.

## ٥.٣ ڕووداوی گەشتەکانی جەلادەت بە هاوڕێیەتی دوو ئەسپی باڵدار بۆ بەرزەخ یاخود ڕووداوی سێ جار مردنی جەلادەت:

چەند ساڵێك لە مەوبەر کە هێشتا منداڵ بووم، زۆر منداڵ بووم لەگەڵ تیپی مۆسیقای شارەکەماندا سەفەرمکرد بۆ شارێکی تر، بۆ ڤیستڤاڵێکی مۆسیقی چکۆڵە، لە ڕێگا پاسەکەمان وەرگەڕا و هەموو سەرنشینەکانی مردن من نەبێت، بیست و سێ مۆسیقار بووین، جەلادەتی کۆتر دەستیکرد بە گریان، نەیدەویست لەوانە جیاببێتەوە کە هەموو بە خۆشحاڵی بەرەو شاری مۆسیقارەسپیەکان بەڕێگاوەبوون، مۆسیقارێك منی بردە ئەولاوە و گووتی :جەلادەتی کۆتر فەرموو دانیشە، من بە گریانەوە پرسیم بۆ من جیادەکەنەوە؟ مۆسیقارەکە گووتی:لەبەرئەوەی هێشتا کاتی تۆ نەهاتووە، تۆ لەسەر زەوی ئیشی گرنگت هەیە ئەنجامیبدەیت، سەفەری درێژ لە بەردەمتدایە، منداڵێکی بێخەیاڵ مەبە، دڵنیاشبە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگەڕێیتەوە بۆ ئەم شارە، جەلادەت دەڵێت :من هەر بە موعجیزە دەگەڕامەوە سەر زەوی، ژیانی لە نێوان مردن و زیندوو بوونەوەدا وەك ئەوەی لەناو جۆلانەیەکدا بێت، دیلانێیەکە ئیقاعی خێرا دەکرد و بە کەس نەدەگیرسایەوە، وەکو ریتمێك هاوسەنگی خۆی وەرگرتبوو. نەتەوەی عەرەب و زمانی عەرەبی لەلایەن عەرەبە شۆڤینییەکان نموونەیەکی ترسناکی بە مرۆڤی کورد نیشان دابوو، هەموو ڕووداوە ناخۆشەکان تا ڕادەیەك ڕووداوە فانتازییەکانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، وای لە تاکی کورد کردبوو کە نەتەوەی عەرەب و زمانەکەیان کە زمانی قورئانی پیرۆزە، کە بەهەمان زمان ڕەشەکوژیی دەکرێن و لەناو دەبرێن، زمان و گوێچکەو ئەندامی زاوزێ وهتد .

دوای لە خاچدانی جەلادەت و گڕبەردان لە پوش و پەڵاشی ژێر درەختەکە، شاناز سەلیم دەبینێت بە زەردەخەنەیەکەوە وەك ئەوەی شەڕەکی گەورەی بردبێتەوە لە جەلادەت، دواتر شارۆخی شارۆخ دەبینێت، بەناو ئاگرەکەوە دێت مێخەکانی لەدەستی جەلادەت دەردەهێنێت و دەیخاتە سەردەستی خۆی و لە ناو ئاگرەکەدا تێدەپەڕەت و بە جەلادەت دەڵێت: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بچین بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان، لەوێ ئۆقیانوسی جوانییەکان چاوەڕوانت دەکات. عەلی شەرەفیار پێی وایە جەلادەت لە بن درەختەکەوە بەرەو شاری مۆسیقارە سپییەکان سەفەریکردوە، دەبایە جەلادەت بە ناو ئاگر و ئازارێکی وادا بڕوات و لەو سەر زیندوو بێتەوە، جەلادەت لەو بوونەوەرانە بوو، بە ناو مردندا دەڕۆیشت و دەگەڕایەوە. جەلادەت لە ژیانیدا لە سێ ڕووداوی فانتازیدا لە مردن دەگەڕێتەوە، یان بە ناو مردندا تێدەپەڕێت، لە

جاری یەکەمدا لە گەشتە مۆسیقایەکەی تیپی مۆسیقای منداڵان بۆ شاری بەغدا توشی ڕووداوێکی ترسناك دەبن، لەدواتردا لە ساڵانی هەشتاکان لەسەردەمی شۆڕشی شاخدا تیپێکی مۆسیقا بە ناوی شەهید کارزانەوە دادەمەزرێن، لە جاری دووەمدا لە کۆشتارە گەورەکەی باشوور کە سەدان هەزار کەس دەکوژرێن وڵات سوتماك دەبێت، جەلادەت بەردەکەوێت و ڕزگاری دەبێت، لە جاری سێیەمدا کاتێ لە خاچدانی شارۆخی شارۆخ ڕزگاری دەکات. ئەو شەوەی کە شارۆخی شارۆخ جەلادەت لە خاچ دەکاتەوە و بە ناو ئاگردا تێدەپەڕەت، جەلادەت تەنیا ئەوەی لە بیرە کە دوو ئەسپی سپی چاوەڕوانیدەکەن بۆ ئەوەی بەرەو زەمین و دونیایێکی دیکەی بەبن، زەوییەك نە ڕاستییە نە خەیاڵیی. زامەکان و ئازارەکانی هێدی هێدی وندەبوون، دەیتوانی ڕوناکی و سەردەمێکی دیکە ببینێت، دیسان باڵندەکانی بە سەر سەری و لە پێشیانەوە دەفڕن، بەرەو شاری مۆسیقارە سپییەکان هەنگاو دەنێن، جەلادەت لەو کاتەدا دەیتوانی لەسەر پشتی ئەسپە سپییەکە بێتە خوارەوە لەو کانییە سیحراوییەدا ئاوێکی نوێ بخواتەوە و برینەکانی بشواتەوە، شارۆخی شارۆخ بەردەوام بە مۆسیقا لەگەڵ جەلادەتدا قسەی دەکرد. جەلادەت لە ڕێی هەندێك پرسیارەوە دەیەوێت بزانێت شارۆخی شارۆخ هەندێك شتی نهێنی هەیە دەزانێت یان نازانێت، شارۆخی شارۆخ بەخەندەوە وەڵامی جەلادەت دەداتەوە، تەنها ئەوانەی چاو و ڕۆح و خەیاڵی سادەیان هەیە ئەو جۆرە ڕووداوە فانتازییانە نابین. ئەوانەی جوانی کوژراو لە دڵی خۆیاندا هەڵدەگرن، لەسەر زەوی زیندووی دەکەنەوە، شارۆخی شارۆخ زوو ئەوانە دەدۆزێتەوە. شاری مۆسیقارە سپییەکان، پەیوەندی بە جوانییەوە هەیە، هەرچەندە لە جوانییەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە، ئەوەندە لە شاری مۆسیقارە سپییەکان دوور دەکەوێتەوە، دالیا بە جەلادەت دەڵێت: تۆ مردبوویت، دواتر دکتۆر بابەك گووتی جەلادەت دەژی بەڵام وەك خەڵکی تر نابێت، بەڵام شتێك لە مردن دەهێنێتە ژیانی زیندووەکان، شتێکیش لە ژیانی زیندوەکان بۆ مردووەکان دەبات. فریشتەکان ڕۆڵیان هەبوو لە ئاشکرا نەبوونی جەلادەت لە ژێرزەمینەکەدا، هەرکاتێك یەکێك لە جاسوسەکان سەریان بە ژێرزەمینەکەدا بگرتبا، ئەو کاتە هەموو شتێك ئاشکرا دەبوو، بابەك و دالیاش تیادەچوون. یەکێك جەلادەتی بەرەو ژێر زەمینەکە برد بەڵام نازانێ کێ بوو فریشتەکانی دالیا بوون؟ نازانێت ! ئەو تاکە کەس بوو لەو قەسابخانەیە دەربازبوو بوو.دکتۆر و دالیا دەیانزانی چی ڕوودەدات، بەڵام جەلادەت نەیدەزانی. جەلادەت لەسەر دەستی دکتۆرێکی دەربەدەر و تەنیا لە خۆڵی زەردی شارێکی ئەفسانەییدا ڕزگار دەبێت..موسای بابەك جیهانێکی نیشانی جەلادەت دا بەمەرجی ئەوەی لای کەس ئاشکرای نەکات، ئەویش نهێنییەکەی بەتەواوی پاراست، بەجۆرێك جیهانە نهێنییەکە بوو بە بەشێك لە جەلادەت، جەلادەتیش بوو بە بەشێك لە جیهانە نهێنییەکە، کوردستان لە خەیاڵیدا زەوییەکە، هێندە بەدوای ئەو جوانییە شاردراوەیەدا بەرەو باکوور دەکەوێتە ڕێ بەدوای کوردا ناگەڕێت.

### ٦.٣ ڕووداوی دروست بوونی شارە فانتازییەکان:

موسای بابەك ڕاستە هێڵی ئەبەدییەتی نیشاندەدات و بە جەلادەت دەڵێت :ئەم شارانە بەشێکن لە خەون، وەکو یاری منداڵ وایە کە لە لم دروست کرابێت، لێرە لەناو دەچێت لە شوێنێکی دیکە دروست دەبێتەوە، شوێنی ڕابواردن و کەیف و سەفایە..ئەو شارە شوێنی ئەو کچە سۆزانیانەیە کە لە هیچ شارێکی دیکە شوێنیان نییە، ئێرە شوێنێکە لە سەرابێکی زەرد کە مەخلوقاتێکی تێدایە هیچ داهاتوویان نییە.

بابەك بە جەلادەت دەڵێت:خزمی خۆم ڕۆژی نغرۆبوونی ئەم شارە زۆر نزیکە.

سامیری بابلی بە جەلادەت دەڵێت: ئەی منداڵی نەجیب تۆ ئەو ڕۆحەیت کە نهێنی تاریکی دەهێنێت بۆ ڕوناکی بە پێچەوانەوەش، تۆ لە نێوان دونیاکاندا سەفەر دەکەیت. بابلی باسی سەردەمی دەسەڵاتی ڕەها و زوڵم وزۆرداری خۆی بۆ جەلادەت دەکات، کە تەقەی لە هەموو شتێك کردووە تا دەگاتە گەڵا تەقەی لە پەپولەش کردووە، بە فیشەك لەسەر دیواری مزگەوتدا لە تەك ناوی خودادا ناوی خۆشی نووسیوە. لەو شەوانەی کە سامیری بابلی دەوریە دەبوو، هیچ بوونەوەرێك بەبێ ئەو نەیاندەتوانی بجوڵێن، با دەوەستا، سەعات چرکەی نەدەکرد، هەتا ئەستێرە بۆی نەبوو بدرەوشێتەوە، هەور تێپەڕێت بە بێ ئاگای بابلی، خۆی بە هێزە هەرە ئەفسانەییەکانی سرووشت دادەنا. دەسەڵاتی سامیری بابلی لەو شەوەدا شکا کە نەیتوانی شوێنی لێدانی ئەو فلووتە غەمگینە دەستنیشان بکات. دەنگی فلووتە غەمگینە وەسوەسەیەکی سامناکی لە دەروونی سامیردا دروست کردبوو، پێی وابوو ئەگەر بێدەنگی نەکات شەرەف و ناموسی لەدەست دەدات."بە دەیەها کلاشینکۆف و دیکتاریۆف تەقەیاندەکرد، بەڵام ئەو مۆسیقایە بەردەوام لە ژێرەوە دەهات، هەستمدەکرد گوللەکانی من هیچ نابڕن، بەڵام ئەو مۆسیقایە قووڵ تا هەناوی من نەشتەری خۆی دەبات."(عەلی، ٢٠١٣، ٢٣٥).گوللە بە مۆسیقایەکە نەدەگەیشت بەڵام مۆسیقایەکە کاریگەری خۆی لە ناو ناخی بابلیدا دەکرد و توشی سەرسامی و ڕاڕایی دەکرد. ئەو مۆسیقا فانتازییایە ڕوو بەڕووی گشت هێزو جەبەڕوتی دەوڵەت دەبووەوە، کاریگەری ڕۆحی هەبوو ناچاری دەکردی کە بێدەنگ بێ و پێچی بە گەورەترین هێزدەکرد و وایلێدەکرد گوێی بۆ ڕادێرێ، ئەوانیش بە بلدۆزەر و گشت چەکەکان نەیاندەتوانی بنە هەڕەشە بۆی، سامیری بابلی بە هەموو هێزو توانای بە تەختکردنی خانووەکان و هەڵواسینی خەڵك، نەیدەتوانی شوێنی ئەو فلووت لێدانە کە لە غەیبەوە دەهات، دەست نیشان بکات. بۆ یەکەم جار بوو نەقیب سامیری بابلی بە ڕاستی گوێ لە مۆسیقا ڕابگرێت و دڵی دەستەمۆ ببێت.جەلادەتی کۆتر بە خۆی و فلووتەکەیەوە بە جلێکی سپی سپی لە ئێوارەیەکدا هاتەدەرێ و بە سامیری بابلی گووت هەرکەسێك بم من لە شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە تەنها هاتووم بۆ لای تۆ بۆ ئەوەی گوێ لەم مۆسیقایە بگری. سامیر بابلی شکستی خۆی لەو شەڕەدا ڕادەگەیەنێت و دەڵێت: مۆسیقا ڕۆحی لێ پاك کردمەوە لە تەپو تۆزی و خوێنڕێژیی چەندین ساڵە .

### ٤. ڕووداوی فانتازی لە ڕۆمانی دەغدودا:

"دوعای پێچراوی سێ گۆشە" بە واتای نوشتە دەگەیەنێت کە لەلایەن خودێدەی جادوگەرەوە نوسرابوو بۆ ئەوەی ئەو ژنە کە دەغدوە وازی لێبهێنێت، دەبوایە نەیخوێنێتەوە وبەرگی بکات، لە هەمان کاتدا خەڵکی موسڵ بە هۆی شەڕەوە بەرەو دەورووبەری شار دەڕۆیشتن لە ترسی بۆردومانی هاوپەیمانان، دایکی بە نوشتەکە دەزانێ بە توانج پێی دەڵێت: خۆ دوعای عیشق نییە، سەنگەر لە وەڵامدا، دایکی دڵنیا دەکاتەوە لەعیشق و میشق، پیاو چاکێك بۆی نووسیوم، لەبەر ئەوەی خەوی ناخۆش دەبینم، ئەمە دوعای خەو خۆشییە.زاراوەی هەیەو نییە !جۆرێکە لە ڕاڕایی، کە مەرجی سەرەکی فانتازیایە، لەشێوەی لە زۆربەی لاپەڕەکاندا بەرچاو دەکەوێت. "هەر دەبوایە لەو ڕووەوە شتێکم بە دایکم بوتبا، تا هاتنی خودەیدەی بەلاوە ئاسایی بێت..دایکم ئافرەتێکی خەرافاتی و تەنکە موسڵمان نەبوو، بەڵام لەسحری ڕەش و چاوی پیس دەترسا و دەیوت: - خۆمە زۆر نییە "جادو" لە قورئاندا باسی لێ کراوە، بۆ خۆشم کارو کردەوەی چاوی پیسم زۆر دیوە.تیرە تیر"(جاف، ٢٠١٣، ٥٥) سەنگەر پێش وەخت ڕێگا خۆش دەکات، زەمینە ساز دەکات بۆ هاتنی خودەیدە و

شەوێك مانەوەی لە ماڵیاندا، دایكی سەنگەر ژنی خورافی و تەنكە موسڵمان نەبوو، بەڵام لە چاو و زار و سیحری ڕەش و جادو دەترسا، كەلە قورئانی پیرۆزدا باسی لێوەكراوە. باوكی سەنگەر لای ئاسایی بوو، بەدایكی سەنگەری گوت من باوەڕم بەم جۆرە بیرو باوەڕە پڕوو پووچانە نییە، چووە ژوورەكەی خۆی، خودەیدە لەكارەكانی بەردەوام بوو، حەوت مۆمی داگیرساندبوو، لە ناوەڕاستی ژوورەكەدا كەللـە ئێسكی ساوڕێنی بەسەر یەكەوە دانا بوو لەگەڵ حەوت شاخی بزنی لەدەوری دانا بوو، بوتڵێك ڕۆنی زەیتونی ناو سارداوی مەزاری شێخ عودەی، بە چەرخەكەی ئاگری بە ڕۆنی ناو شاخەكانەوە نا وەك مۆمێك داگیرسان، ئینجا بەسەنگەری گوت كارم بە تۆ نەماوە، تۆ هەوڵ بدە و بكۆشە بۆ خەوتن. خودەیدە بە سەنگەری گووت: دەتخەوێنم، تیشكی باریكی مۆمەكان بەرەو بمێچی ژوورەكە دەڕۆیشتن سەنگەر وردە وردە ترس دایگرت. سەنگەر خومار بوو بوو، خودەیدە لای كەللـە سەرە ساوڕێنەكە وەستا بوو، هەردوو دەستی بە عەبا ڕەشەكەیەوە بەرزكردبووەوە و قژی لێ بەردابووەوە وردە وردە دوو تیشكی لێزەری لە چاڵایی ئێسكە سەرەكەوە دەردەچوو، سەنگەر تا دەهات بێهۆشتر دەبوو، دواتر خەوی لێ كەوت خودێدە بە سەنگەر دەڵێت: پاش و پێشم لێ گردوەتەوە، چارەیەكی تری بۆ نەماوەتەوە، یا لە شەقەی باڵا دەدا و دەڕوا ئیدی نایبینیتەوە، یاخود دێتە قسە و لەگەڵتا دێتە گفت و گۆوە، زیاتر لام وایە، لە ماوەی دە ڕۆژی داهاتودا بڕوات و جارێكی تر نەیەتەوە خەونت سەنگەر خەریك بوو لە چارەسەرەكەی خودەیدە بێ ئومێد دەبوو، بەنیاز بوو بگەڕێتەوە لای زانیاری و شتی نوێ كە بینی بووی بە خودەیدە بگەیەنێت، وای لێ هاتبوو دەترسا بخەوێت نەوەك ئەو ڕەمۆزنە بێتەوە خەونی، سەنگەر لە نێوان حەز و ترسی لە ژنەكە ڕاڕا بوو، دوعای دەكرد لە خودا دەپاڕایەوە، یان ڕەهای بكات یان بیكوژێت، دیسان ژنەكە بە قاقاوە هاتەوە، ژنەكە هەر لە پێكەنین و قاقا نەدەكەوت. تا ئەو ساتە هیچ گوفتاری ناشرینی بە ژنەكە نە گوتبوو، بەڵام ئەم جارە بڕیاری دابوو، ئەوەی بە زمانی دا بێت ڕەتی نەكاتەوە. جارێكی دیكە سەنگەر نەیزانی چۆن خەوی لێ كەوتەوە، بەهەمان بەزمی شەوانی دیكە هاتەوە خەونی، ئەمجارەیان بەسەریدا نەڕاندی، بە ژنەكەی گوت چیت لەمن دەوێ؟ ژنەكە پشتی لە سەنگەر كرد و، دەستی بە نووسین كرد، لەچركە ساتێكدا دیواری ژوورەكەی ماڵی سەنگەر پڕ بوو لە نووسینی كوردی پەتی، ڕازێك بوو لە وشەیەك پێكهاتبوو، لە بری پێكەنین و بێزاركردن، ڕێنمایی سەنگەری كرد بۆ ئەوەی ڕاسپاردە و ڕێنماییەكەی جێ بە جێ بكات، بە سەنگەر دەڵێت: من بەر لە دوو هەزار و حەوت سەد ساڵ بە ژەهر خواردن كوژراوم لەلایەن شاژنی سارگۆنی ئاشووریەوە، ئەگەر ئەم ڕازە پوچەڵكەیتەوە من لە خزمەتدا دەبم، سەنگەر چەكوچ و سومبەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ داتاشین و كراندنەوەی وشە بەردینەكە. دایكی سەنگەر پێشتر بە گوێی كوڕەكەی دادابوو كە زۆرجار ترس باشترە لە خۆ دەرخستن، بەڵام سەنگەر هەر لە غەمی هاتن ونەهاتنی ژنەكەدا بوو، ئەوەندە گرنگی بە ڕاپەڕین و لە ناوچوونی سەدام نەدەدا. ژنەكە خۆشی خۆی بۆ ڕزگار بوون لە دوای دوو هەزارو حەوت سەد ساڵ، كە بەدەستی سەنگەر هاتەدی. سەنگەر پێی وایە ئەو ژنە نیازی وایە ئازاری بدات، كەچی ژنەكە پێی وایە دنیای ئەوان كەواتە ئەرواحەكان، جگە لە گەڕانەوە بۆ سەرەتای خۆیان، نیازی ئازاردانیان نییە ئەمانە خێرخوازن، ژنەكە سەنگەر دڵنیا دەكاتەوە ! كەوا نەك ئازاری نادات بەڵكو لە خزمەتیدا دەبێت. ژنەكە بەسەنگەر دەڵێت: من ناوم دەغدوە، ئەگەر پێت خۆش بێت دەمێنمەوە؟ ئەگەر نا دەڕۆم، ئەگەر بمێنمەوە پشت وپەنات دەبم ودەست بەردارت نابم، ئەگەر بەڵێنم پێ بدەی بمێنمەوە، سوپاس گوزاری خودەیدە بە، بەڵام لای باس مەكە پێی بڵێ ئیتر ڕۆیشت وناگەڕێتەوە خەونم. بەڵێن دەدەی ؟ - بەڵێن دەدەم و سوێندیش دەخۆم، نە ناوت بهێنم و نە باست بكەم."- ڕەنگە تاسەی ئەوەت بێ بزانی من كێم.. وانا ؟.- ئەرێ وەڵلا..لام بووە مەراق و دڵە ڕاوكێ و ژان. —كاك سەنگەر، داستانی من دوور ودرێژە، ئەوەنەی بتوانم ومۆڵەتم پێ بدرێت تا بیڵێم ...دەیڵێم و زۆر شتیش هەیە ناتوانم بیڵێم.." (جاف، ٢٠١٣، ٦٧) دەغدو ئەرواحە ئەوەی دەتوانێ بە سەنگەر بڵێت، بەڵام ئەوەی ناتوانێ بە سەنگەر بڵێت، لە دەسەڵاتی سەرەوەی خۆیەتی، دەغدو خۆی بە سەنگەر دەناسێنێ و سەرپشكی دەكات لەوەی بێتەوە هاوكاری بكات یان بڕوات و نەگەڕێتەوە. لەو ماوەی بێدەنگی دەغدودا كە نەیتوانیوە هاودەمی دەورو بەر و ڕۆحە هاتو چۆكەرانی بێت، لەبەر هوەی لە ژێر تەوژمی ئەو جادوە قورسەدابووە بەڵام كارێزمایەكی بە هێز بووە بەسەریاندا، ئاگاداری دوور و نزیك بووە، ئاگاداری ڕووداوەكانی دەوروبەری كەوكەبی خۆی و سەر زەوی بووە چاوی لێیان بووە ئاگایی هەبووە، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە كە ئەستێرە و كەوكەبی تر هەبووە نە ئاگای لێ بووە نەدەستی پێ گەیشتووە .

ئەم ڕووداوانەوە پێش وەخت پێشبینی كراوە لە لایەن موغی موغانەوە كە ئاشوریەكان لەسەر دەستی یەكێك لە پاشایەكانی دەوڵەتی ماد بۆ یەكجاری لەناو دەچێت، بۆیە دیاكۆ زۆر گرنگی پێنادات ودەغدو دەبێتە قوربانی. سۆراغی ئەوكتێبە بەنادیاری دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی چاوساغی دیاكۆ بەناوی"ئۆراش" كە كتێبەكەی لاپارێزرا بوو، بە دیلی بۆ نەینەوا هاتووە و سندوقەكەش بێسەر و شوێنە، دەغدو باشی دەزانی كە دیاكۆی باوكی زۆر متمانەی بەم كتێبە هەبوو، كە پێشبینی زۆربەی ڕووداوەكانی تێدایە.لەدوای گەڕانەوەی سارگۆنی پاشا لە شەڕ لە دەغدو دەپرسێت كە دیار نەماوە، بە دەست و پەیوەندەكەی دەڵێت: هەر ئێمشەو بەرەو شاری بابل دەڕۆیت و بێ "دەغدو"نەگەڕێتەوە، ئەو میرزادە بابلیەشم بۆ دێنی، دەغدو دەڵێت: من كچی دیاكۆم یەكەمین شای زنجیرە دەسەڵاتی ماد، ناوبانگی جوانی من سنوورەكانی هاڕاندبوو، سارگۆنی ئاشووری شای دەسەڵاتدار و بە توانا پەیامی خواستنی منی بۆ باوكم نارد، باوكم وەك میرێكی بە ئەمەك و ڕاستگۆ لەگەڵ ڕای گشتی ئەنجومەنی دەسەڵاتدارانی هۆزەكانی ماد، ئەو داوایەی سارگۆنی ڕەتكردەوە. "-
یانی جوانی تۆ نەیهێڵا باوكت و سەردارەكانی ماد بكوژێت؟.
-ئەوە سارگۆنە بە منی وت...كەوا لەبەر من نەیانی كوشتووە.
-ئیدی بۆ دەڵێتی جوانی تۆ مایەی خوێنە..ئەوەسا بووە مایەی ژیان.
-وا بەیانە..باسەكەمان هەڵدەگرین بۆ كاتێكی تر..ئیتر پێوەندی نێوانمان وەك جاران نابێت، تەنها لەخەودا بتبینم..ساتێك لێت دوور ناكەومەوە"(جاف، ٢٠١٣، ٦٩) دوای شەڕێكی قورس باوكم و كاربەدەستانی بەدیل گیران، منیش خۆم چوومە لای سارگۆن بووم بەهاوسەری، باوكم و كاربەدەستانی بە هۆی منەوە نەكوژران، سەنگەر دێتە وەڵام ئەدی ئەوە نییە جوانییەكەت بووەتە مایەی ژیان !دەغدو بە سەنگەر دەڵێت باسەكەمان زۆر هەڵدەگرێ وا بەرەو بەیانی دەڕۆین، با باسەكەمان بۆ كاتێكی دیكە هەڵگرین، ئیتر لەوە بەدوا پەیوەندیمان وەكو جاران نابێت، تەنها لە خەودا بتبینم، لێرەبەدوا ساتێك لێت دوور ناكەومەوە. باوكی سەنگەر دەپرسێ: باشە ئەوە تۆ وا خەریكی كۆلێژ تەواو دەكەیت و دەبیتە خاوەنی بەكالۆریۆس، هەرچی بەقاڵ و چەقاڵ هەیە باسی ئەم شەڕەی دەكەن بۆ وا بێ دەنگی؟! سەنگەر بە چاكی زانی پەنا بباتە بەر "دەغدو"، لەیەك چركەیەكدا "دەغدو" وەڵامی دایەوە:
-ئەو كابرایە تا دە ساڵی تریش دەمێنێتەوە ولە دواییدا دەكوژرێت، پێشبینی دەغدو لە

وەڵامی سەنگەردا، لە وەڵامی پرسیاری باوکیدا ڕوو لە دەغدو دەکات بۆ ئەوەی هاوکاری بکات، دەغدو پێشبینی دەکات، مانەوەی سەدام تا دە ساڵی تر درێژە بکێشێت، بەڵام باوکی سەنگەر لە دیالۆگەکەیدا لەگەڵ سەنگەردا بە قسەی بێ مانای دادەنێت، تەحسینی هاوڕێ وهاوپۆلی سەنگەر هەمانڕای باوکی سەنگەری هەیە، نموونە بە خوارووی ئێراق دەهێنێتەوە کەوا چ گۆمێکی خوێن هەستاوە. تەحسین بە سەنگەر دەڵێت: بیرم نەبوو هەینی پێشووە گەڕامەوە لالش، چوومە لای خودەیدە، هەواڵی تۆی لێ پرسیم وتی: هێشتا لە خەونەکانیدا بەردەوامەو ئەو ڕۆحە دێتەوە خەوی؟ لە وەڵامدا سەنگەر دەڵێت: بە هەمان ڕێنمایی دەغدو سوپاس گوزاری خودەیدە دەکات وڕێزی بۆی هەیە بە تەحسین ڕادەگەیەنێ کە بە خودەیدە بڵێت: ژنەکە لەو کاتەوە نەهاتووەتە خەونی وسەنگەر زۆر سوپاس گوزارە."دەغدو هاتە ناو بیرمەوە وتی.. لەو ساختمانە هەروژاوەی دوور کەوە بۆمبایەکی نە تەقیوی بۆردومانی پێشووی تیا دەتەقێتەوە...دەستی "تەحسین"م گرت وتۆزێك بە پەلە پەل کێشم کردو وتم:

- با بڕۆین بۆ ناو بازار...دەعوەتی لەفەت دەکەم ...دووسەد مەترێك دوور کەوتینەوە، ساختمانە لێدراوەکە تەقیەوە ویەك دوو کەرپۆچی گەیشتە لای ئێمە...دەزانی لەفەکەی تۆ ڕزگاری کردین، ئەگینا لەو دنیا لەفەمان دەخوارد.." (جاف، ٢٠١٣، ٧٣) لەو باڵەخانەیەی کە سەنگەر وتەحسین تیادا وەستاون وگفتوگۆ دەکەن، سەنگەر بە پەلە پڕوزە بە تەحسین دەڵێت: با ئێرە بەجێ بهێڵین بچین لەفەیەك بخۆین دەعوەتی من بە، دووسەد مەترێك دوور کەوتنەوە ساختمانەکە لێدراوەکە تەقییەوە، تەحسین بە سەنگەر دەڵێت: دەزانی لەفەکەی تۆ ڕزگاری کردین ئەگینا بەردەکەوتین، لەو دنیا لەفەکەمان دەخوارد. سەنگەر لە مۆنۆلۆگێکدا لە مانەوە لەگەڵ دەغدو یان جیابوونەوە، سەنگەر بڕیار دەدات بەردەوام بێت، ئەو تازە بەو بڕوانەمەیە ناتوانێت لەو دەورو زروفەدا توانای هەبێت، ئەوەی لە هزریدایە بیهێنێتە دی، باشتر وایە لەگەڵ دەغدو بەردەوام بێت. لەکاتێکدا کە دەغدو کچێتی خۆی دەکاتە قوربانی دیاکۆ ومیرزادەکانی دەوڵەتی ماد دەکات، بەڵام باوکی زۆر لەوە زیاتر دەزانی بەهۆی ئەو کتێبەی کە موغی موغان نووسیویەتی، لای دیاکۆ پارێزراو بوو هەموو ئەو ڕووداوانە وئاکامەکانی تێدایە. سەنگەر لە مۆنۆلۆگێکدا دەڵێت: سبەی دوو سبەی دەبمە خاوەنی پارەیەکی زۆر، ئیدی چ پێویست بەو فرۆشتنە دەکات...لەپڕ دەغدو کەوتە بەرچاوی وتی: - هەروا دەبێ، واباشە نەیفرۆشن، تۆ دەبیتە خاوەنی پول پارە وسامانێکی زۆر. دەغدو هاتەوە ناو بیرم : "وەك وتم ئەو نووسراوانە لەسەر پێستی ئاسك نووسراون، من زۆر جاران باوکم دیبوو ئەو کتاوەی هەڵدەدایەوە و دەیخوێندەوە و تا بڵێی ئیمان و باوەڕی بەو پێشبینیانەی هەبوو کە لە کتابی موغی موغاندا ئاماژەی پێکرابوو، جارەوبار دەیووت: سەد ڕەحمەت لە ڕۆح و ڕەوانت موغی موغان" بۆ خۆت و لێزانینت و بلیمەتیت، کە تیایدا دەڵێتیت: دەسەڵاتی ئاشووری بە دەستی ئێمەی ماد بنبڕ دەکرێت و وڵاتەکەیان ئێمە وێرانی دەکەین حەیف، من بە چاوی خۆم نایبینم، بەڵام بەشمشێری کوڕەزای من تۆڵەی پێنج سەد ساڵ زوڵم و زۆر دەکرێتەوە."سەیری ئەو کتاوە لەوەدایە، ئەوەی تیادا نووسراوە و پێشبینی زۆرتر لە ساڵی ٢٠٠٠ زاینی کردووە..ئەوڕۆی ئێوە هەرچی ڕووداوی گرنگ هەبووە تیایدا نووسراوە و ڕوویداوە، لەوەش دڵنیام پێشبینیەکانی شەش سەد ساڵی داهاتووش وەك ڕابوردووی بێ یەك و دوو ڕوودەدا، بۆیە دەڵێتم گرنگی ئەو کتاوە سەد جاران لە زێڕ و جەواهیر گرنگتر و بەنرخترە..پاراستنی ئەرکێکی ئینسانییە و نەتەوایەتییە.. سارگۆنی ئاشووری بە تەواوی توانایەوە بەدوای ئەو کتاوەیدا دەگەڕا"ئاراستی" چاوساقی باوکی ونجڕ ونجڕ کرد تا شوێنی ئەو کتاوەی بۆ وەدەرخا نەیکرد ونەیکرد.."(جاف، ٢٠١٣، ١١٢) کاتێك دیاکۆی پاشای ماد ئەرکی ئەو کتابەی موغی موغان بە "ئۆراس" باوەڕپێکراوی دەسپێرێت، پیاوەتی وشەهامەتی دواتر بەدەر دەکەوێت کاتێك کتابەکە لەگەڵ خۆیدا بۆ گۆڕ دەبات وناهێڵێت بەردەستی پاشا سارگۆنی ئاشوری بکەوێت. دەغدو جارێکی دیکە دەردەکەوێتەوە ورێنمایی سەنگەر دەکات لە نرخ وموشتەری ئاگاداری دەکاتەوە وکاتە پێشبینی کراوەکەی موغی موغان بۆ سەنگەر ئاشکرا دەکات، دەغدو لە شەست وچوار پێشبینیدا، کە لە ساڵی شەش سەد وچل پێش زایینیەوە دەست پێدەکات تا دوو هەزار وسێ سەد وپەنجای زایینییە. دەغدو دەڵێت:لە بیرمە باوکم بازیوەندێکی لە قۆڵدا بوو لە خۆی دوور نەدەخستەوە، تا دوا ڕۆژی دەستگیر کردنی و بەدیل گرتنی هەر لە باڵیدا بوو، کە دەستگیر کرا دایکەند و ئەویشی سپاردە "ئۆراس"ی باوەڕپێکراوی..ئە بازیوەنە موورویەکی سەیری تیدا چەسپا بوو، ئەو دەم باوەڕ وا بوو ئە مووروە لە ئاسمانەوە کەوتوەتە خوارەوە، لەژێر ئەو مووروەیدا پیتێك بە خەتی بزماری نووسراوە، دەری بێنە و بیکە ملت، ئیدی لە زۆر بەڵای نادیار دەتپارێزێت، هەروەها دوژمنانت زەفەرت پێ نابەن. سەنگەر دەڵێت: لام سەیرە ڕۆحی سەڵاحەددین، بۆ کەوڵی شێلم فرۆشێکی هەڵبژاردووە؟ - هەڵبژاردن بە دەستی ئەرواح نییە، سەڵاحەددین نزیکەی هەزار ساڵە چاوەڕوانی کردووە تا مەودای گەڕانەوەی پێ دراوە و لە پایتەختی کوردستان ببێتە شێلم فرۆش."با ئەوەشت پێ بڵێم، تا نیو سەعاتی تر دزێك لە دیواری حەوشتانەوە دێتەماڵەوە...ئەو کابرایە زاتەن دز نییە و نەداری ناچاری دزیکردنی کردووە..."(جاف، ٢٠١٣، ١٥٨) جارێکی تر دەغدو سەنگەر لە دزێك ئاگادار دەکاتەوە، کە لە دیواری حەوسەی ماڵیانەوە دێتە ناو ماڵیان بەڵام لە ئەسڵدا ئەو دز نییە؟! ڕاستە بۆ دزی هاتووە بەڵام دز نییە، وشەی لەگام لە لوگی عەرەبییەوە هاتووە بە واتای ماستاوچی دێت، جۆرە کەسێتییەکی نەخوزراوە ودەگمەنە. سەنگەر لە چاوەڕوانی گرتن وهەڵواسین بوو بە هۆی کاری حیزبییەوە، باوەڕ بەخۆی ناکات لە ماوەیەکی کەمدا بووەتە خاوەن پارەو پولێکی زۆر، بە چاوساغی دەغدووەوە. ئەو تەوڕاتەی کە دەبێتە رازی جوولەکەکان بۆ ماوەیەکی درێژ، دەغدو شوێنەکەی لەگەڵ دوو مۆمدا، بۆ سەنگەر ئاشکرا دەکات کە لە کلێسایەکی شاری بەسرە حەشاردراوە بە چەند دیوارێك. لە دوای پەڕینەوەی هۆزی جولەکە و گەڕانەوەیان بۆ سەر زەوی یاعقوب پەیامبەر بە چاوساغی حەزرەتی موسا، لە دوای مردنی موسا و پەرتەوازەی میللەتی جولەکە ئەم تەوراتە لەگەڵ دە فەرمانەکەی خودا بۆ ئیسرائیلەکان چەندین جار ئەم تەوراتە دەست بە دەست کراوە، بەلای پەیامبەرەکانی جولەکەوە بووە لە یەشوعەوە بیگرە تا شائوول و سموئیل و داود و سلێمان پەیامبەر و ئیلیا، کاتێك نەبوخوزنوسەری ئاشووری ئورشەلیم دەگرێت و زۆربەی زۆری پیاو ماقوڵانی جولەکە دەگوێزێتەوە بۆ شاری بابل و نیشتە جێیان دەکات دوای پەلاماری کورشی هەخامەنشی و گرتنی شاری بابل، فەرمانی گەڕانەوەی هۆزی جولەکە دەدا تا بگەڕێتەوە بۆ ئیسرائیل، لەو گەڕانەوەیەدا ئەم تەوراتە لە دۆڵی دوو ڕووباردا بزر دەکرێت و هەرچەندە بەدوایدا دەگەڕێن نایدۆزنەوە. سندوقی کۆن ودەفەرمانەکە بێ تەورات دەگەڕێنەوە ئیسرائیل لێرەدا گوم بوونی تەورات بە ڕازێکی ئاسمانی دادەنێن ولە گەڕانی دەست هەڵدەگرن وبە لەناوچووی لەقەڵەم دەدەن، تا ساڵی پەنجاکان لەیەك دوو پەرتوك، ڕێچکەی تەورات نوێ دەکرێتەوە ودووبارە دەنگ وباسی تەورات دەکەوێتە ڕوو، لە دوای ئەوەی چەند چەتە وڕێگرێکی کورد فرۆشتوویانە بە دە دیناری ئێراقی. دەغدو داوا لە سەنگەر دەکات کە شۆخە لەگەڵ خۆیدا بۆ

هێنانەوەی تەوراتەکە بۆ بەسرە نەبات، چونکە شۆخە لە هەواڵگری ئیسرائیل کاردەکات، خەمیس کە هاوڕێی منداڵی سەردەمی کە لە ساری بەسرە بوون بەو کارە دەسپێرێت وبرێکیش پارەی دەداتێ. لە ڕووداوێکی فانتازیدا، سەنگەر بە هاوکاری دەغدو شوێنی گوارەی پورزای لە وڵاتی فەرەنسا لە چنگی مافیاکان کە کوردێکی رۆژئاوا سەرپەرستیان دەکات بۆ پۆلیسی ئەو وڵاتە ئاشکرا دەکات. لوسی بە سەنگەری گوت: دەزانی تۆ گەورەترین باندی تاوانبارانت خستە ڕوو وکەوتنە دەستی یاساوە...؟ بەس پێم بڵێ، ئەم زانیارییەت لە کوێ بوو؟!سەنگەر: لە خەودا...! – گاڵتەم پێ دەکەی..؟ - نا بەدڵنیاییەوە، بەم زوانە پێت دەڵێتم...لوسی یەکسەر سەنگەر دەباتە ژوورەکەیەوە، گوارەی بینی کە لەسەر جێگەکەیەوە ڕاکشابوو. سەنگەر: "تەواوی سەرکەوتنەکانم لە دەغدو دەزانم...ئەگەر دەغدو نەبوایە سەدان وهەزاران مامۆستای کۆلێژ تەواوکەری لەمن زیرەکتر بەتواناتر وا لە لادێیەکاندا مامۆستای قوتابخانەکان، منیش یەکێك دەبووم لەوانە"(جاف، ٢٠١٣، ٢٤٨) سەنگەر باس دەزانێت بەبێ ڕێنماییەکانی دەغدو ناتوانێت هەنگاوێك بهاوێت. لوسی بە سەنگەر دەڵێت: تۆ خەریکی ئێمە شێت دەکەی، ئێمە هەرچی دەیبینین ودەیبەین ولێکی دەدەینەوە نەگەیشتوینەتە هیچ ئاکامێك، بەپێی چاودێری هەواڵگری ژیانی تۆ وپەیوەندییەکانت هێندە سنووردارن لە چەند کەسانێك زۆرتر نین، هەڵۆ کۆژراو ماوەتەوە تەحسین و سێ چوار پاسەوان و شۆخە و ئاوێنە و دەستان بشۆ، ئەو زانیاریانە لە کوێوە پێت دەگات."- تۆ باوەڕت بە خودا هەیە؟ - من هەمە، بەڵام زۆر کەس نییەتی و بیریشی لێ ناکاتەوە. – ئەی توانای پێشبینی کردن چی؟ ...ئەوە نییە ساڵانە لە جیهاندا پێشبینیکەر کتابی جۆراو جۆر لە چاپ دەدەن...توانای هەڵفڕین وبەسەر ئاو وئاگر ڕۆیشتنیان لێ دەبینرێ...چی تیادایە کوردێکیش تونایەکی نائاسایی هەبێت...بۆ گەلانی تر ڕەوا وشایانی ڕێکلام وبەرچاوخستنە بۆ ئێمە بۆ جێگای گێژو وێژی دنیای ئێوەیە بە رازی هەڵنەهێنراو دابنرێت؟!"(جاف، ٢٠١٣، ٢٥٩) بۆ هەموو نەتەوەکان ئاساییە، بەڵام بۆ کوردێك جێگای سەرسوڕمانە. لوسی لە هەوڵێکدا توانای سەنگەر تاقی دەکاتەوە، لە ڕێگای پرسیارێکەوە کە پێشتر بە کەسی نەگووتوە، پێی دەڵێت: من ئێستا بیر لە چی دەکەمەوە؟، سەنگەر لەوەڵامدا کە دەغدو پێی دەڵێت: بیر لە دەیناسۆر دەکاتەوە، لوسی هەر بە تەواوی شێت دەبێت وبە سەنگەر دەڵێت: چۆنت زانی؟! لەولاوە بەسەر تەنەکەیەکی نەوتەوە دانیشتبووم لە دواوە لوسی پەرییە سەر کۆڵم، سەنگەری ماچ باران کرد، دواتر کە شوێنی سەدام ئاشکرادەکات، ئەفسەرەکان یەك لە دوای یەك پیرۆزباییان لێ کرد .

## ٥. ئەنجام:

١. ڕووداوی فانتازی لە هەردوو ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان ودەغدوودا بە شێوەیەکی بەربڵاو زیاتر لەیەکەمیان دەبینرێت، لە ڕۆمانی دەغدودا ڕووداوەکان بەشێکی کەمی فانتازییە، ڕووداوەکان زیاتر پێشبینییە.
٢. پرۆسەی دۆنادۆن بەشێك لە ڕووداوە فانتازییەکانی ڕۆمانی دەغدو و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان لە خۆ دەگرێت.
٣. ڕووداوە فانتازیاکان لە هەردوو ڕۆمانەکەدا بەشێکیان واقیعین بەرگی فانتازیایان بەبەردا کراوە بەشێکیان خەیاڵین .
٤. ڕووداوەکانی ڕۆمانی دەغدو لە پەیدابوونی دەغدوە لە ژوورەکەی سەنگەردا بەڵام لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا زۆربەیان ڕووداوی فانتازین.
٥. ناونیشانی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)، لە ناونیشانێکی فانتازیی و لە شوێنی فانتازی وکەسێتی فانتازی وڕووداوی فانتازی پێکهاتووە.
٦. ناونیشانی ڕۆمانی (دەغدو) ناونیشانێکی فانتازییە، چونکە دەغدو کەسێتییەکی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە و کەسێکی فانتازییە.
٧. لە کۆتاییدا ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان بە دەگمەن ڕووداوی تێدایە کە واقیعی بێت بەراورد لەگەڵ ڕۆمانی دەغدو ڕووداوەکان زۆربەی پێشبینی کراون.

## ٦. لیستی سەرچاوەکان


قورئانی پیرۆز، سورەتی ئەلئەنبیا، ئایەتی ٦٩.

قورئانی پیرۆز، سورەتی جن، جوزئی ٢٩، ئایەتی یەکەم.

تاتانی، محمد امین،٢٠١٥، فانتازیا لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ) ی بەختیار عەلی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ ٣٥.

تالیس، ئەرەستۆ، ٢٠٠٤، هونەری شیعر، و.عەزیز گەردی، سلێمانی.

تودوروف، تزفتان، ١٩٩٣، مدخل الی الادب العجائبي، ترجمة. الصديق بو علام، تقديم محمد برادة، ط١، دار الكلام-الرباط.

جاف، خوسرەو، ٢٠١٣، دەغدو، هەولێر، چ١.

جەلال، میران، ٢٠٠٩، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

حليفي، شعيب، ٢٠٠٩، شعرية الرواية الفانتاستيكية، الجزائر .

حمادي، عبد، سنة، ٢٠٠٥، العجائبية في ادب الرحلات، رحلة ابن فضلان نموذجا، اشراف د. الخامسة علاوي، اعداد الطالب الماجستير.

عزام، محمد، ٢٠٠٣، ادب الخيال العلمي، سورية -دمشق.

علام، حسين، ٢٠١٠، العجائبي في الادب في منضور شعرية السرد، الجزائر: ط ١.

علاوي، د. الخامسة، ٢٠١٣، العجائبية في الرواية الجزائرية، دار التنوير الجزائر.

عەلی، بەختیار، ٢٠١٦، شاری مۆسیقارە سپییەکان، سلێمانی، چ ٤.

عوسمان، ڕێزان، مستەفا، ٢٠١٠، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاند ١٩٨٥ا-١٩٩٠، هەولێر.

محمدی، محمد، (فانتازی)، ١٣٧٨، در ادبیات کودکان، چاپ اول، چاپخانەی دانشگاه الزهراء، تهران.